# چەمك و پێناسەی فەرهەنگ

## (كولتوور)

داریوش ئاشووری

# چەمك و پێناسەی فەرهەنگ
## (كولتوور)

وەرگێڕانی
ئیبراهیم حەسەن پوور

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

هەولێر - ٢٠١٣

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

- **چەمك و پێناسەی فەرهەنگ (کولتوور)**
- **داریوش ئاشووری**
- **وەرگێڕانی: ئیبراهیم حەسەن پوور**
- **نەخشەسازی ناوەوە: ڕێدار جەعفەر**
- **بەرگ: ڕێمان محەمەد**
- **پیتچنین: مەندانە حەبیب زادە**
- **نرخ: (١٥٠٠) دینار**
- **چاپی یەکەم : ٢٠١٣**
- **تیراژ: ٧٥٠ دانە**
- **چاپخانە: موکریانی (هەولێر)**
- **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (١٧٠) ساڵی (٢٠١٣)ی پێ دراوە.**

**زنجیرەی کتێب (٧٦٢)**

**هەموو مافێکی بۆ خانەی موکریانی پارێزراوە**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com

**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك


پێشەکی وەرگێڕ ........................................ ٧
دیباجە ........................................ ٩
وشەی فەرهەنگ لە زمان و ئەدەبی فارسیدا ........................................ ١٩
پێناسەکانی فەرهەنگ ........................................ ٤١
فەرهەنگ لە روانگەی ئەنترۆپۆلۆژییەوە ........................................ ٧١
سیستەمە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان ........................................ ٨٧
چەمك و روانگە بنەڕەتییەکانی ئەنترۆپۆژیای فەرهەنگی ........................................ ٩١
سەرچاوەکان ........................................ ١٠٣
بەرامبەرنامە ........................................ ١٠٤
فەرهەنگۆك ........................................ ١٠٩
پەراوێزەکان ........................................ ١١٧

# پێشەکی

نووسین و داهێنان لە وەرگێڕان زۆر ئاسانترە. کاری وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی‌تر بە پێی نووسراوەکە پێویستی بە شارەزایی لە زۆر بواردا هەیە.

لە پێش هەموویانەوە شارەزایی لە هەر دوو زمان؛ یەکەم زمانی دەقەکە و دووهەم زمانی وەرگێڕدراوەکە؛ هەروەها ئەمانەتداری تەواو بۆ پاراستنی دەق و مانای رستەکان لە کاتی وەرگێڕاندا لە زۆر شوێندا. وەرگێڕان دەبێت وشە بە وشە بێت، لە زۆر جێگادا وەرگێرانی وشە بە وشە ناکرێت و دەبێت بە پاراستنی مانای رستەکەوە وەرگێڕدرێت.

بە ناشکوری خودا نەبێت، لە کوردواریدا بەرهەمی وەرگێڕدراوە زۆر نییە و تەنانەت بە بەرفراوانی پانتایی وشەی کوردیش بە هەموو زاراوەکانیەوە هێشتا بۆ زۆر واژە کەموکورتی هەیە. هەر بۆیە بۆ لێحاڵیبوونی خوێنەری کورد و نەگۆڕینی مانای ڕستەکە لەبری زۆر واژە دەقی وشە ئینگلیزیەکەمان دانا. بۆ نموونە وشەکانی فیسیۆلۆژی – بایۆلۆژی – ئالترناتیڤ و ... و بۆ زۆر وشەی‌تریش مانایەکی دەستکردمان دانا کە لە کۆتایی کتێبەکەدا دەقی وشەکە و ماناکەی بە ناوی فەرهەنگۆک هاتووە.

گەڕان بە دوای مانای واژەکاندا لەم قامووسەوە بۆ ئەویتر و ..... زۆر جار بە مرادت ناگەیەنێ، چونکە مانای وشەکە لە رستەدا دیاری دەکرێت.

هیوادارم رۆژێک دابێت کە کوردیش وەکوو هەموو میللەتانی‌تر فەرهەنگستانی هەبێت و بە پێی قەرارێکی ئەساسی بۆ ئەم وشەگەلەی کە بەرامبەرەکەیان لە کوردیدا نیە واژەیەکی تایبەت دابندرێت تا بەهرەمەندان بتوانن کەڵکی لێوەرگرن.

# دیباچە

رەواجی سەرلەنۆێی وشەی "کولتوور" لە زمانی فارسیدا لە سی چل ساڵی رابردوو و گۆڕانی ماناکەی بە مەبەستی گونجاندنی لەگەڵ هەر دوو وشەی ئەوروپایی education و culture نیشانەی پێویستیەکی تازەیە کە لەگەڵ بڵاوبۆنەوەی شێوەیەکی تازە لە شارستانیەت و "کولتوور" هاتۆتە ئاراوە؛ پێویستی دەربڕینی واتایەکی تازە کە لە شارستانیەتی کەون و فەرهەنگی ئێمەدا کەموزۆر پەیدا نەبووە یان رۆحی ئەم شارستانیەتە دەگەڵی بێگانە بووە. چونکە ئەوە مرۆڤی مۆدێڕن و جیهانبینیەکەیەتی کە ئەم چەمکانەی بۆ ناسینی مرۆڤ لە کۆنتێکستی سروشت و مێژوو بەرهەم هێناوە. لە فەزای دونیای مۆدێڕن دایە کە لە لایەکەوە روانینی بۆ جیهانی سروشت، زانستە سروشتیەکانی لێدەکەوێتەوە و لە لایەکیتریشەوە هەوڵدان بۆ تێگەیشتنێکی زانستی و تیۆری لە شێوازی پەیوەندیی مرۆیی. بونیادە کۆمەڵایەتییەکان وببە گشتی دیاردەی تایبەت بە جیهانی مرۆیی، زەرووڕەتی بوونی زانستە مرۆییەکانی هێناوەتە ئاراوە. یەکێک لە بەشە پەرەگرتووەکانی زانستی کۆمەڵایەتی بەشی مرۆڤناسی (ئانترۆپۆلۆژی)یە کە مێژووی دروست بوونی هاوکاتە لەگەڵ دروستبوونی ئیستیعماری ئەوروپایی.

شارستانیەتی مۆدێڕنی ئەوروپایی لە دەورانی گەشەی خۆیدا پڕ لە شەوق و زەوق بووە بۆ دیتنەوە و لێکۆڵینەوە کە ئەم شەوق و زەوقەی لە چوارچێوەی سروشتدا ڕانەگرت، بەڵکوو هاوڕێ لەگەڵ دۆزینەوەی جوگرافی و دیتنەوەی گۆشە و کەناری نەناسراوی زەوی چالاکیەکانی سەبارەت بە شێوەی ژیانی گەلانیتر و دۆزینەوەی سیستەمەکانیتری پێوەندیی مرۆیی دەستی پێکرد. ئەو تێڕوانینە کە هەڵسەنگاندنیشی لە دەرونی خۆی هەڵگرتبوو پێویستی بە وشەیەک هەبوو کە بتوانێت ناوێکی تایبەت بۆ ئەم پانتایییە تایبەتە بێت لە رووداوەکانی جیهان کە لە رووداوەکانی دونیای سروشتی چ بە ماددی (فیزیکی) و چ زیندەوەری (بیۆلۆژیک) جیا بکاتەوە، چونکە ئەم بوارە تایبەتە لە رووداوەکان چۆنیەتیەکیتری هەیە کە (هەروەکوو راسیسمی ئەورووپایی کردویەتی) چاوپۆشی بکرێت.

ئەو وشەیە کە وردەوردە بۆ ئەم مەبەستە سەریهەڵداو پەرەی پێدرا وشەی "کولتوور" (= فەرهەنگ) بووە و ئەو زانستەی کە بابەتی لێکوڵێنەوەکانی رووداوە کلتووریەکان بوو بە " ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری[٢] "_ نێودێر کرا.

وشەی کولتوور کە لە ڕیشەی لاتین وەرگیراوە هەر وەک لە کتێبەکەدا دەیخوێیننەوە لە بنەڕەتدا بە مانای کشتوکاڵ و پەروەردە بووە کە یەکەم جار لە زمانی ئەڵمانیدا بە دەستی چەند نووسەریک بەو مانایەی کە ئەمڕۆ دەیناسین کاری پێکراوە و تا ئەمڕۆش لە بەشەکانی کۆمەڵناسی و ئینسانناسیدا وای پەرەستاندووە کە گرینگی ئەم وشەیە بۆ زانستی هاوکێش وشەی (گرانی[3]) بۆ فیزیا و (نەخۆشی) بۆ پزیشکیە. ئەمرۆ دەیان مانایتریش لە پێوەندی دەگەڵ ئەم وشەیە لە زمانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی رۆژئاوادا پەرەی ستاندووە.

شارەزایی ئێرانییەکان بە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژاوا و کرانەوەی کۆرسی زانکۆکان بە رووی ئەم زانستەدا پێویستی بە بەرامبەر کردنی مانای ئەساسی و بنەڕەتی لە زمانی فارسیدا هێنایە گۆڕێ و وشەی " فەرهەنگ" بۆ ئەم مەبەستە دەست نیشان کرا و وردەوردە لە مانای بنەڕەتی خۆی بەرەو مانای پێویستی تازە دابڕا.

وشەی فەرهەنگ لە زمانی فارسی‌دا لە واژە زۆر کۆنەکانە کە نە تەنیا بۆ یەکەم جار لە تێکستەکانی فارسی دەری بەڵکوو لە نوسراوە بە جێ ماوەکانی زمانی پەهلەویش‌دا زۆر بەفرەیی بەرچاو دەکەوێت و هەروەها لە چاوگی "فەرهیختەن" واتە (ڕاهێنان – بارهێنان) زۆر شتی جۆراوجۆر جوێ بۆتەوە و هەروەها دەستەواژەی جۆراوجۆر لەگەڵ خودی وشەی فەرهەنگ.

"فەرهیختەن" بە مانای ئەدەب و هونەر و زانست فێربوونە و فەرهەنگ لە بنەڕەت‌دا بە مانای ئەدەب و زانست هاتووە و هەرچیەکی کە لە بەشی شیاوەکانی ئاکار و ئەخلاق و هونەری پەروەری‌دا جێگیر بێت. هەر بەو هۆیەشە کە وشەی فەرهەنگستان لە تێکستەکانی پەهلەویدا بە مانای فێرگە بە کار هاتووە.

لە فەرهەنگە عەرەبی - فارسیەکانیش‌دا لە هەموو شوێنێ لە بری " ئەدەبی" عەرەبی "فەرهەنگ" و لەبری "موئەدەب" فەرهەنگ فێربوو و لەبری" متأدب" فێرکاری فەرهەنگ" هاتووە (مقدمەالادب؛ مهذبالاسماء)[4].

وشەی فەرهەنگ لە ماوەی چەند سەدەی پێشوودا کەم‌وزۆر لەبیر چووبۆوە و تەنیا ناوێک بوو بۆ ئەو کتێبانەی لە هیندوستان سەبارەت بە وشەی فارسی دەنووسران. لە ساڵی ١٣١٤ (١٩٣٥) لەگەڵ دامەزراندنی (فەرهەنگستانی ئێران) جێگایەکی تازەی پەیدا کرد و لەگەڵ گۆڕانی ناوی وەزارەتی (معارف) بۆ وەزارەتی فەرهەنگ لە فەرامۆشخانەی کتێب و

دیوانەکانەوە کەوتە نێو ژیانی رۆژانە. هەروەکوو لەم ناونانە دەردەکەوێ وشەی فەرهەنگ کە مانای بنەڕەتیەکەی ئەدەب و پەروەردەیە لە زمانە ئەوروپاییەکاندا لەگەڵ وشەی (education) بەرامبەر کرا و "فەرهەنگی" بۆ جارێکی‌تر بە ئەو کەسانە گوترا کە کاریان فێرکردن بوو. بەڵام پەرەسەندنی وشەی "کولتوور" و ماناکانی هەروەکوو ئاماژەی پێکرا پێویستی بە پەیدا کردنی بەرامبەر هەبوو و نازانین کێ وشەی فەرهەنگی لە بری (کولتوور) بەکارهێنا. بەڵام ئەوە هەیە کە ئەمرۆ وشەی "فەرهەنگ" لە زمانی فارسیدا بە سەرنج دان بە هەموو بارە واتاییەکانیەوە بە مانای " کولتوور" بەکار دێت و بە پێی پێویست "پەروەردە و فێرکردن" مان لە بری (education) داناوە.

پەرەگرتنی وشەی فەرهەنگ بەو مانایە کە لە بەشی زانستە کۆمەلایەتییەکان و پەڕینەوەی بۆ زمانی گشتی و میدیاکان پێویستیەکی وردتری بەمانای وشەکە؛ هەروەکوو لە بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان کاری پێدەکرێ. ئامانجی نووسینی ئەم کتێبە وەڵام دانەوە بەم پێویستیانەیە و بۆ زیاتر کردنی سودبەخشی ئەم بەشەی کە سەبارەت بە مانای فەرهەنگ و کارتێکردنی لە ئەدەبی فارسیدا پێمانەوە زیاد کردووە تا بە هەڵسەنگاندنی لەگەڵ بەشی " پێناسەکان" لەم کتێبەدا پرۆسەی مانای وشەکە و پەیدا کردنی مانایەکی تازە ڕیک کەوێت و زیاتر روون بێتەوە.

## سەبارەت بەم کتێبە:

ئەوەی لەم کتێبەدا خوێنەری فارسی زمان دەیبینێ وەرگێردراوە لە کتێبێکی دوور و درێژ کە دوو ئەنترۆپۆلۆژی ئەمریکی بە ناوەکانی (کروبر و کلاکن) سەبارەت بە (پێناسەکانی وشەی فەرهەنگ) و بۆچوونی مرۆڤناسە ئەمریکی و ئینگلیزەکان هاورێ لەگەڵ کۆمەڵەیەک لە لێکدانەوەی ئەوانە.

ناو و نیشانی کتێب و ئەو چاپەی کەڵکم لێ وەرگرتووە بەم شێوەی خوارەوەیە:

A.L.Kroeber and Clyde Kluckhohn . Culture . a Critical Review of Concepts and
Difinitions ؛ Vintage Books ؛ New york

وەرگێڕانی تەواوی کتێبەکە بە زمانی فارسی نەدەکرا و نە پێویستیش بوو. ئێمە تەنیا بە وەرگێڕانی کۆکراوەیەک لە پێشەکیەکەی سەبارەت بە پرۆسەی وشەی "کولتوور" رازی بووین، چونکە پێشەکیەکەی پڕ بوو لە ئەو شتانەی کە بۆ فارسی زمانەکان سوودی نەبوو.

له بەشی پێناسەکاندا کە بەشی بنەڕەتی کتێبەکەیە هەموو پێناسەکانمان وەرنەگێڕاوە بەڵکوو لە ١٦٤ پێناسەکە کە لە حەوت بەشدا هاتووە، تەنیا ٩٣ پێناسەمان بە پێویست زانی.

لە تێکستی فارسی ئێستای کتێبەکەدا تەنیا شەش بەش لە پێناسەکان دەبیندرێ، چونکە لە بەشی حەوتەمدا تێکستی پێناسە ناتەواوەکان هەبوو کە یەکسەر چاوپۆشیمان لێکرد لە بەر ئەوەی پێناسەکان دووبارە ببوونەوە و وەک یەک دەچوون هەر بۆیە هەموویانمان وەرنەگێڕا. سەبارەت بەو دەستەیتر کە لەبەر قورسی زمان بۆمان وەرنەگێڕدران بو شێوەیەکی زۆر گران نوسرابوو کە لێحاڵیبوونیان بە زمانی پێشوو زۆر هاسان نەبوو تا چ بگا بە وەرگێڕانیان.

خاڵی گرینگ و بەرچاو سەبارەت بە وەرگێڕانی ئەم پێناسانە ئەوەیە کە دەبێت وەرگێڕانەکە بە ئەمانەتداریەکی تەواو و وشە بە وشە بێت و وەرگێڕان بە شێوەیەکی ئازاد بە هیچ جۆرێک ڕەوا نییە لەبەر ئەوەی چاوپۆشین لەم پێناسانە چاکترە تا وەرگێڕانیان. بەڵام هەر بۆ نموونەش بێت چەند پێناسەیەکمان لەو دەستەیە هێنایە ناو کتیبەکە کە وردبینیەکی زۆرمان بەکار هێنا و بڕێک دەستەواژەی تازەشمان بۆ دروست کردون و بە کارمان هێناون تا مشتێک بێت لە خەروار و نیشانەیەکیش بێت لە گرانی و قورسی وەرگێڕانی ئەم پێناسانە بە زمانێکی کە تا وەکوو ئیستا ئامادەیی وەرگرتنی ئەم جۆرە مانایانەیان نییە.

ئاشنایان بە زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەزانن کە نووسەران و شارەزایان لەم بوارەدا لە رۆژئاوا چ زمانێکی بەربڵاو و پاراویان بۆ بەیان کردنی ئەم مانایانە ساز کردووە؛ بەڵام زمانی فارسی ئێستاش لەگەڵ کۆمەڵێک لە مانای ئەم زانستەدا ئاشنا نیە بۆیە هەر وەرگێڕانێک ڕەنگە بێ کەموکورتی نەبێت و گرفتی مەزن لەم بارەیەوە ئەوەیە کە وشەی بەرامبە بە وشەی ئەورووپایی لە زمانی فارسیدا نیە و هەر کەس بە پێی بۆچوون و زانینی خۆی دەستەواژەکان

بەکار دێنێت و ئێستاش بۆ زۆر لەم مانایانە بەرامبەرەکانیان کە هەموو کەس پەسەندی بکەن ساز نەبوون؛ ئەگەرچی بۆ هەندێک پەیدا بووە بەڵام هێشتا چارەنووسی سەدان وشەی‌تر نادیارە لەبەر ئەوەی وەرگێڕەکان ناچارن بە هەوڵی خۆیان بۆ دەستەواژەکان هاوواتا بدۆزنەوە، هەرچەندە ئەم کتێبەش هەروای کردووە لە فارسی یان سازکردنیان لە بەرامبەر وشەی تێکستی پێناسەکان کەڵکی وەرگرتووە، ئەگەرچی هەندێ کەس ئەمەیان پێ باش نیە بەڵام نووسەر پێی وایە بە بێ ئەم هەوڵانە گری کوێرەکە ناکرێتەوە و بە بنەمای کرۆکی زمانی زانستی و فەلسەفی چەمکسازی (conceptualization) و دروست کردنی هەندێ چەمکی شایستەی ئەم بوارە وشەسازی دەبێتە هۆی زان و جووڵاندنی زمان و، چونکە تێکەڵاوکردنی زمان لەگەڵ سەدان و هەزاران وشەی بێگانە سوودی نیە جگە لە پابەندکردنی بە زمانەکانی‌تر. هەر وەکوو رۆژگارێک بۆ فێربوونی زمانی فارسی پێویست بوو زمانی عەرەبیش بزانی بەو حیسێبەش رۆژێک دێت کە بۆ زانینی زمانی فارسی دەبێ زمانی ئینگلیسی و فەرانسیش بزانیت.

هەرچەندە لە هەوەڵدا وشەی دروستکراو و نامۆ لە زمان خۆش نیە، بەڵام پاش ماوەیەک ئەم پرسەش چارەسەر دەبێت و سەرەنجام، زمان ئەم وشە تازەش وەردەگرێت و دەیانخاتە گەنجینەی خۆی هەروەکوو ئەزمونی پەنجا ساڵەی رابردوو نیشانیداوە.

خاڵێکی‌تر کە دەبێ ئاماژەی بۆ بکەم ئەوەیە کە بەشێک لە هاوواتاکانی وشەی ئەورووپایی لە زمانی فارسیدا مانای تەواوی وشەکە نادات، هەر بەم هۆیەوە سازکردنی دەستەواژەکان زۆر پێویستە لەوانە وشەی (tradition) کە بە مانای دابونەریت وەرگێڕاوە کە ئێمە لەم تێکستەدا بە لەبەر چاوگرتنی ریشەی لاتینی وشەکە و بەرامبەرەکانی لەزمانی فارسیدا بە وشەی " فراداد" وەرمان

گیڕاوە. وشەی سوننەت کە لە یەک دوو جێگادا بە کارمان هێناوە بە دەست خۆمان نەبووە، بەڵام هەر وەکوو لە یەکێک لە پێناسەکانی راودکلێف– براون؛ گروپی ب؛ لە پێناسە مێژوویيەکاندا هاتووە بە سەرەنج دان بە ریشەی وشەکە لە گەیاندنی ماناکەی رۆڵی بنەڕەتی هەیە.

بۆ ئاسان کردنی تێگەیشتن فەرهەنگۆکیمان لە کۆتایی کتێبەکە زیاد کردووە. ئەوەی ئێمە بە پێی توانا وەرمانگێڕاوە پێویستی خوێنەری فارسی زمان بە تایبەتی خوێندکارانی بەشی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان لەبەرچاو گیراوە.

## یادداشت بۆ چاپی دووهەم

لەم چاپەدا بۆ ئەوەی بە باشی کەڵکی لێوەرگیرێت بە سەرنج دان بەو بۆشاییەی کە لە وەرگێڕان و نووسراوەکانی کە لەم بەشەی زمانی فارسیدا هەیە بەشێکمان سەبارەت بە مانای فەرهەنگ لە روانگەی ئەنترۆپۆلۆژی و فەلسەفەی فەرهەنگ زیاد کردووە تا بۆچونێکی کەموزۆر تەواومان لە فەرهەنگ لەم روانگەدا نیشان دابێ. ئامانجی نووسەر لە وەرگێڕان و نووسین و کۆکردنەوەی ئەم بەشە پێکهێنانی کۆمەڵە وانەیەک بۆ خوێندکاران بووە و هیچی بیر و بڕوای نووسەر نییە.

ئومێد دەکەین رۆژێک ئەم وانانەی کە لە پۆلەکاندا دەگوترێتەوە لە پاشکۆیەکدا بۆ چاپەکانی داهاتوو بنووسرێتەوە.

# وشەی فەرهەنگ لە زمان و ئەدەبی فارسی‌دا(۵)

## ڕیشەی وشەی فەرهەنگ

شێوەی نووسینی کۆنی " فەرهەنگ" لە پاشماوەکانی ئاڤێستا و نووسراوەکانی فارسی کۆندا دەست ناکەوێت. شێوەی پەهلەویەکەی " فەرهەنگ" (far_hang) بووە. ڕەنگە ئەم وشەیە لە پێشگری "فر" بە مانای پێش و ریشەی کۆنی ثنگ "thang" بە مانای کێشان دروست کراوە. وشەی فارسی "هنگ" بە مانای قەست و نیاز " هنجیدن و هیختن" بە مانای دەرکێشان و " انجیدن" بە مانای دەرهێنان لەم ریشەیە وەرگیراوە. بەشی دوایی وشەکانی" دودهنج - دودهنگ" بە مانای دوکەڵکێش لەم ریشەیەن. وشەی "آهنگ" بە مانای قەست و ئیرادە و هەماهەنگی؛ "آهنج" بە مانای ئیرادە و "آهنجە" بە مانای تیکەڵ و پیکەڵ و ناشیاو و "آهنجیدن" بە مانای نۆشین و خواردن و "آهنگیدن—آهیختن—آهختن" بە مانای دەرهێنان و مراد حاسڵ بوونە.

لە هەمان ریشەدا بە پێوەلکاندنی پێشگری "فر" لە فارسیدا" فرهختن—فرهیختن—فرهنجیدن" هەیە کە بە مانای پەروەردە کردن و بارهێنان و بە ئەدەب کردن و "فرهختە — فرهنجیدە" بە مانای ئەدەبکراو و هەروەها "فەرهەنگ و فەرهەنج"یشمان هەیە.

لە فەرهەنگەکاندا "فراهختن—فراهیختن" بە مانای بە ئەدەب کردن هاتوون و گۆیا لە ڕووی "فرهختن —فرهیختن" لە فارسی تازەدا دروست کراون.

## ماناى كولتوور له فەرهەنگەكاندا

**صحاح‌الفرس:** كولتوور واته ئەدەب

**معيار جمالي:** فەرهەنگ واته عەقڵ- هۆش

**شەرەفنامەی مونیری:** فەرهەنگ واته ئەدەب و زانست و گەورەیی

**تحفه‌الاحباب:** فەرهەنج واته ئەقڵ و ئەدەب

**تحفه‌الاحباب:** فەرهەنگ به مانای عەقڵ و مەعریفه و هەر کەسێک که زانست و ئەو شتانەی که خەڵک فەخری پێوەدەکات چاکتری بزانێت پێی دەڵێن پیاوێکی فەرهەنگییه.

کشف‌اللغات: فەرهەنگ .... ئەدەب و زانیاری و گەورەیی و ناوی کتێبێکه له زانستی زمان.

**قامووسی رەشیدی:** فەرهەنج و فەرهەنگ به مانای ئەدەب و ئەندازەی هەر شتێکه به واتای و ئەدەبکار واته فرمانه به ئەدەب کردن و لەسەر ئەم پێوانەیه (فرهنجیدن- فرنجیده ـ فرهنجید ـ فرهنجد)

**ئەنجومەن ئارای ناسری:** فەرهەنج و فەرهەنگ ........ ئەدەب و ئەندازه و رادەی هەر شتێک و ئەدەب کار و ئەمر به ئەدەب کردن........و "فرهنجیدن" به مانای به ئەدەب کردن و ئەمر به ئەدەب کردنه.

**شیخی نیزامی**، فەرهەنگی به مانای عەقڵ و مەعریفەی بەکارهێناوه و دەڵی: نه زانستی هەیه ئەو کەسه نه فەرهەنگ

که وەختی ئاشتی دێنێته پێش جەنگ

**قامووسی نەفیسی:** فەرهەنگ واته چاک پەروەردەکردن و گەورەیی و لەسەرەخۆیی و خاوەنشکۆیی و حیکمەت و هونەر و زانیاری و زانستی شەریعەت و قامووسی زمانی فارسی.

**فەرهەنگ لە تێکستە پەهلەویەکاندا**

**خۆسرەو قوبادان و ریدەک:** کاتێکی ناردیانمە (فەرهەنگستان) زۆر چاک بە پەروەردە کردنم (بە فەرهەنگ کردنم) خەریک بوون.

کارنامەی ئەردەشیری بابەکان: کاتێکی تەمەنی گەیشتە وەختی (فەرهەنگ) پەروەردە خەریکی خوێندن و سواری و بە فەرهەنگی بوون بووم کە لە ناو فارسەکاندا نێو دێر بووم.

**دادستانی دینی:** ئەو عەقڵەی کە خۆشی بە هەشت بناسێت شتیتر نیە جگە لە دینی راست کە ئەویش زانستی بەهەشتە کە فەرهەنگی فەرهەنگەکانە و وەستای هەموو وەستایانە و بنەتوویی هەموو زانستەکانە.

**دینکورد:** دەبێ بزانین کە لە فەرهەنگی چاک ئەقڵی چاک و لە ئەقڵی چاک کرداری چاک و لە فەرهەنگی خراپ ئاوەزی خراپ و لە ئاوەزی خراپیش خەسڵەتی خراپ دێتە ئارا.

# فەرهەنگ لە شێعر و پەخشانی فارسیدا

دیباجەی شاهنامەی ئەبوومەنسووری (؟):

ئەوەیان بە شانامە نێودێر کرد تا خوداوەندانی زانست چایی تێبڕن تا فەرهەنگی شاهان و داناو و ڕۆشوێنی پادشایی و ڕەفتار و کرداریان ........ و هەموو شتێکی تێدا ببیننەوە.

**مێژووی بەلعەمی - ئەبووعەلی بەلعەمی:**

گوتی ئەی ئەو کەسەی سیاوەشت کوشت و رووی جوانت ناحەز کرد و رووتت کردەوە..... لەو رووە جوانەی شەرمت نەکرد و بە جوانیەکەی نەتبەخشی لە هێز و پیاوەتی و فەرهەنگی نەترسای و خۆشەویستی و وەفاداری و جوامێریی ئەوت لەبیر چووە.

**قابوسنامە— کەیکاووس کوڕی وەشمگیر:**

لەسەر خەڵکی گەورە و بچووک پێویستە هونەر و فەرهەنگ فێربوون کە خۆ بە گەورەزانی لە سەر هاوسەر بە گەورەیی و هونەرەوە پەیدا دەبێت.

**زەفەرنامەی ئەبوعەلی سینا:**

گوتم ئەم دونیایە چۆن دەتوانی بناسی؛ گوتی: بە فەرهەنگ و شوکرانەبژێری.

**نەسیحەتەلملوکی ئیمام مەحەممەدی غەزالی:**

پێناسەکردنی خۆشەویستی خودا دوازدە شتە: عەقڵ و زانست و وشیاری و تێگەیشتن لە هەموو شتێک و فەرهەنگ و سواری و زین لێکردن و پیاوەتی و دلێری و لەسەرەخۆیی و خووی باش و بەهانا چوونی بێدەسەڵاتان و خۆشەویستی و پێکەوە سازان و راوێژ و تەگبیر لە کارەکاندا.

**سەلجوقنامەی زەهیری- زەهیرەددین نەیشابۆری:**

پادشا پێ بەخێر و پایەبەرز و لە خواترس و رووخۆش بوو. دەڤەری خوراسان لە سەردەمی ئەودا رووگەی خەڵکی جیهان بوو و سەرچاوەی زانست و کانگای گەورەیی و هونەر و فەرهەنگ. یەزدانی باڵا لە بەخشینی رەوشت و داد و پاکی هونەر و فەرهەنگ هیچ درێغی تێنەکردبوو.

**سەندبادنامە: زەهیرەددینی سەمەرقەندی:** کاتێکی گەیشتە دوازدەساڵی، پادشا ناردیە مەکتەب تا فەرهەنگ و رەوشتی پادشایان فێر بێت.

**مێژووی بەیهەقی**– باوکی حەسەن عەلی کوڕی زەیدی بەیهەقی: لەهەر وڵاتێک زانستێکی تایبەت هەیە؛ زانستی پزیشکی لە ناو رۆمەکاندا و ئەستێرەناسی و حیساب لە ناو هیندیەکاندا و لە ناو فارسەکاندا رێوشوێنی نەفس و فەرهەنگ کە پێی دەگوتری زانستی ئەخلاق.

**توحفەالملوک (؟):**

حەکیمانی فارس گوتویانە کە عەقڵ رینوێنێکی پشتئەستوور و گەورەیە و کلیلی هەموو زانستەکانە و فەرهەنگ و زانست لقێکن لە عەقڵ و هۆش.

**مێژووی تەبەرستان**– بەهائوددین محەمەدی کاتب:

چوارسەت ساڵ لەمەوبەر دونیا پڕ بوو لە دڕندە و وەحشیگەری و بنیادەمی شەیتان سیفەت و بێدین و بێئەدەب و بێفەرهەنگ و بێئەقڵ و بێشەرم.

کەرەستەی پیویستیی شاهان– ئەفزەلەددینی مەحەممەدی مورڕەقی کاشانی:

سامان و تەگبیری هەموو بژێویەک کە لە ڕیگەی عەقڵەوە پەیدا بێت پێی دەڵێن ئەدەب و فەرهەنگ.

**جاویدان‌نامە**– ئەفزەلەددینی کاشانی:

ناسینی ڕێگای وەدەستهێنانی خەسڵەتی چاک و خۆبواردن لە خەسڵەتی خراپ (...) بە " زانستی فەرهەنگ" ناوزەد دەکرێ.

ئەوامێرولعەلائیەی کوڕی بی‌بی:

لە ڕوانگەی بیرمەندانەوە سەرای سپەنج سەرپۆشی شەش رووی جیهان نییە، بەڵکوو چوار دیوارێکی کۆنەی رووخاوە کە بۆ بەندی سیلاو بەکاریان هێناوە. هیچ عاقڵێک لە بنی نانوێت و هیچ خاوەن فەرهەنگێک بە تەنیشتیدا ڕانابریت.

**رەسائیلی ئیخوانولسەفا:**

...... نەفس بە هۆی غەزەب و شەهوەت؛ دونیای مەلە کوتی نەناسیوە لەبەر ئەوەی پێویستە کە بیرمەند ئاکاری خۆی بە فەرهەنگ تیف تیفە بدات و لە شەهوەت و غەزەب خۆی بپارێزێت.

**فێردەوسی:**

**بە گازر چنین گفت کای باب من**
**همی تیرە گردانی این آب من**

ئاوهای بە جلشۆر گووت: کاکی خۆم، تۆ خەریکی حەیام دەبەی (ئاوەکەم لێ لێڵ دەکەی).

**بە فرهنگیان دە مرا از نخست**
**چو آموختم زند و اوستا درست**

لەپێشدا بمدە دەست فەرهەنگییەکان(رووناکبیران) جاکە بەجوانی فێری زەند و ئاڤێستا بووم.

**از آن پس مرا پیشە فرمای و خوی**
**کنون از من این کدخدایی مجوی**

لەمەودوا ئیش و کارم پێ بسپێرن، بەڵام جارێ. ئەو کوێخایەتییەم پێ مەکەن.

**بدو مرد گازر بسی برشمرد**
**و زان پس بە فرهنگیانش سپرد**

ئیتر کابرای جلشۆر زۆرشتی بۆ روون کردەوەو دوای ئەوە بە (رووناکبیران) فەرهەنگییەکانی سپارد.

**بیاموخت فرهنگ و شد بر منش**
**بر آمد ز بیغاره و سرزنش**

فەرهەنگ فێربوو و کەسایەتی پەیدا کرد و لە کولّ تانە و تەشەران بۆوە

**زدانا بپرسید پس دادگر**
**که فرهنگ بهتر بود یا گهر**

دادگەرێک لە زانایەکی پرسی کە فەرهەنگ چاترە یان زێر و زیو

**چنین داد پاسخ بدو رهنمون**
**که فرهنگ باشد زگوهر فزون**

ڕێنمایی کردووە وەڵامی داوە کە فەرهەنگ هەزارجار چاترە لە زێر و زیوی زۆر

**که فرهنگ آرایش جان بود**
**زگوهر سخن گفتن آسان بود**

فەرهەنگ رووحی ئینسان زاخاو دەدات بەڵام قسە کردن لەسەر زێر و زیو ئاسانە

**گهر بی‌هنر زار و خوار است و سست**
**به فرهنگ باشد هنر تندرست**

زێر و زیوی بەبێ هونەر پەستی و سستیە، چونکە بە هۆی فەرهەنگە هۆنەری راست و سلامەت

**فەخرەددین ئەسعەدی گورکانی:**

**به روی مردمان آید همه کار**
**به دست آرند کام خویش ناچار**

هەموو کارێک بەسەر خەڵک دادێت بەڵام ئاخریەکەی بە مراد دەگەن

**به شمشیر و به دینار و به فرهنگ**
**به تدبیر و به دستان و به نیرنگ**

یان بە زەبری شیر و پارە و بە فەرهەنگ و یان بە تەگبیر و توانا و فێڵبازی بە مراد دەگەن.

**ناسر خۆسرەو:**

**هیچ کس را به بخت فخری نیست**
**زانکه او جفت نیست با فرهنگ**

هیچ کەس بە بەختی خۆی فەخر نافرۆشێت، چونکوو لەگەڵ فەرهەنگ جۆرنایەتەوە.

**به یک اندازەاند بر در بخت**
**مرد فرهنگ با مقامر شنگ**

پیاوی بەفەرهەنگ و پیاوی خاوەنشکۆ، لە بەرامبەر بەختدا یەکسانن.

**زەهیرەدینی فاریابی:**

**من از خجالت و حیرت نشسته در کنجی**
**که کس نشان ندهد نام دانش و فرهنگ**

له خەجاڵەتیان و سەرسوورڕمانەوە، خۆم لە قوژبنێکدا مات کردووە، چونکە هیچ کەس نازانێ فەرهەنگ و زانست چییە.

**سەعدی:**

**خداوند تدبیر و فرهنگ و هوش**
**نگوید سخن تا نبیند خموش**

گەورەی بیرمەند و بەفەرهەنگ و هۆش، قسە ناکات تا گوێی لێنەگرن و لێی نەپرسن.

**مولوی (دیوان شمس):**

دشمن عقل که دیده است کز آمیزش او
همه عقل و همه علم و همه فرهنگ شویم

دوژمنی ئەقڵ پێوەندیی نزیکی ئەقڵ و زانست و فەرهەنگی دیوە، بۆیە دەڵێ با ئێمەش ئەقڵ و زانست و فەرهەنگ فێربین.

# ڕەوتی وشەی "کولتوور" و بەکارهێنانی ماناکانی

مێژووی چەمکی (culture = فەرهەنگ) هەروەکوو لە دونیای زانستدا، کاری پێدەکرێ، داستانی خوڵقانیشی مانایەکی تازەیە کە لە نێوان بۆچوونی جۆراوجۆر سەبارەت بە ناوەرۆکی ئەم وشەیەدا سەریهەڵدا.

ریشەی وشەی culture"" کە لە زمانی کلاسیک و لە پێشزمانی کلاسیکی لاتیندا، بە مانای کار و کشتوکاڵ و پەروەردە بووە و ئێستاش لە دەستەواژەکانی وەک (Agricuture) – کشتوکاڵ و (Horticulture ) = باغداری و Cultus ) ؛ (Cult= ئایین بەکاردەبرێت و لە شێوازی تازەدا وەکوو Bee Culture ) ) = بەرهەمهێنانی هەنگ و (Oyster Culture) = بەرهەمهێنانی سەدەف و (Pearl Culture) = بەرهەمهێنانی مرواری و(Bacillus Culture) = بەرهەمهێنانی باسیل بە هەمان مانا بەکاردەبرێت. لەمێژ نییە مانای (Culture) لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و مێژوودا بەکارهاتووە. پێدەچێت لە دوای ساڵی 1750 و بۆ یەکەم جار لە زمانی ئەلمانیدا بەو مانایە بەکارهاتبێ.

لە سەرەتای جووڵانەوەی زمانی رۆمانسی[6] و ئینگلیسیدا تا کاتێکی دوورودرێژ وشەی (Civilization) = شاری ئایین یان

شارستانییەت لەبری (Culture) بەکارهاتووە  کە مانای پەروەردە و چاکسازی و خاوێنبوونەوە و گەشەی کۆمەڵایەتی لێوەرگیراوە.

ئەم دەستەواژەیە دەگەڕێتەوە بۆ وشەکانی (Civilitas - Civilis –Civis) کە مانای سیاسی[7] و شارستانی[8] هەیە، بەو مانایە کە هاووڵاتی[9] دەوڵەتێکی ڕێکخراو لە بەرامبەر خەڵکی خێڵەکیدا دادەنێت.

وشەی (Civilization) لە زمانی لاتینی کلاسیکدا نەبووە و واوێدەچێت کە سازکراوی قۆناغی ڕێنسانس یان فەڕانسەوی بێت و یان لە فرمانی (Civilizer) وەرگیراوە کە بە مانای گەیشتن بە پلەی ئەدەبزانی و بەهرەمەندی و شاری بوون و  چاکبوونە کە وشەی بەرامبەری لە زمانی ئیتالیدا (Civilta)یە کە پێشینەی بۆ سەردەمی دانتێ دەگەڕێتەوە.

بەمجۆرە هەر دوو چەمکی  "کولتوور"  و "سیڤیلاسیۆن"، هەر لە سەرەتاوە بیری چاکسازی و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا بۆ  لوتکە بەرزەکانی   لێ وەرگیراوە و ئێستاش لە زۆر جێگادا هەم خەڵکی ئاسایی و ڕۆشنبیرەکان بەم مانایە بەکاریدێنن، بەڵام لە  نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا،  وشەی فەرهەنگ مانایەکی تازە و تایبەت  وەردەگرێت کە تەنیا مانای روون و ئاشکرای ئەم وشەیەیە (جاری واش هەیە کە لە جیاتی شاری ئایینی بەکاردێت).

هێمای ئەو مانایە بۆ ئەو بەشە لە تایبەتمەندی و دەسکەوتی کۆمەڵگای مرۆیی کە جگە  لە میکانیزمی بۆماوەیی بیۆلۆژیک[10] قابیلی گواستنەوەن و لە بنەڕەتدا بە هەمان شێوە کە لە تەواوی زیندەوەرانی خوار- مرۆیی[11] ئەو تایبەتمەندیانە نابێنریت؛ مرۆڤ پڕە لە ئەو نیشانە کۆمەڵایەتیانە.

له ساڵی ١٨٥٠دا له بەشێک له ئەڵماندا، واژەی " کولتوور" به مانای فەرهەنگ بەکارهات، بەڵام به تەواوەتی نا؛ چونکوو له بەینی مانا تازەکه و مانا کەونەکەدا (کشتوکاڵ و چاکسازی) هەردووکیان بەکاردەهێنان.

تایلۆر[12] له ساڵی 1871دا، هەوەڵێن پێناسەی روونی بۆ ئەم چەمکه تازەیه داناوه.

له سەده کانی ناوەڕستدا[13] بڕوایا ن وابوو که راستیەکان لەسای ئەقڵی مرۆڤەوه دەرکەوتوون و ئیتر جێگایەک بۆ پێشکەوتنی بیر و ئەندیشەی مرۆیی نەماوه، بەڵام له قۆناغی رێنێسانسدا هەستی پێکرا که مرۆڤ دەسکەوتی زۆر گەورەی هەبووه و تا ئێستا نازانێت له گەڵ دەسکەوتەکانی رابردوو چ جیاوازییەکیان هەیه.

له ئەورووپای رۆژئاوا، له سەدەی هەژدەهەمدا ئەم بیره سەری هەڵدابوو که (سەردەمی نوێ) و دەسکەوتەکانی دەتوانێت شان له شانی (سەردەمی کۆن) بدات و لەویش باڵاتر بێت. چەند هۆی سەرەکی برەویان بەمشێوه بیرکردنەوەیەدا؛ بۆ نموونه پەیدابوونی زمانه تازەکان و ئەدەب و کولتووری تازه به رێبەرایەتیی فەڕانسا، دەسکەوته پۆزەتیڤەکانی زانست له کوپرنێکوسەوه تا نیۆتۆن، پەیدابوونی فەلسەفه که قسەی تازەی پێ بوو، و زۆر بوونی سامان.

له نیوەی سەدەی هەژدەهەمدا، نه تەنیا خەڵکی، پرەنسیپی پێشکەوتنیان پەسەند کرد بەڵکوو هۆیەکانیشیان دەزانی، واته رزگاربوونی ئەقڵ له زیندانی ئیمان و گشگیربوونی رۆشنگەری و ئەقڵانیەت.

له ساڵی 1765دا ڤۆلتێر زاراوەی "فەلسەفەی مێژوو "ی دانا که پێشتر له ساڵی 1756 کتێبێکی له ژێر ناوی " نامیلکەیەک سەبارەت به دابونەریت و رۆحیاتی نەتەوەکان[14]" بڵاوکردبۆوه. ناونیشانی ئەم نامیلکەیه به ئاشکرا نیشانەی مەیلی لێکۆڵینەوەی زانستی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەخۆگرتوه که

له گەڵ ناوی ڤۆڵتێرەوە دەست پێدەکات. کتێبی "سویس ایزلین"[15] بە ناوی مێژووی مرۆڤ کە لە ساڵی 1768 بڵاوبۆوە بە هەمان شێوەیە و کتێبی "کوندورسە"[16] لە ژێر ناوی ( گەڵاڵەی لێکولێنەوەیەکی مێژوویی لە بەرەوپێشچوونی رۆحی مرۆڤ) کە دوای مەرگی لە ساڵی 1801دا بڵاوکرایەوە و کتێبی "فەلسەفەی مێژووی هێگڵ" کە ئەویش دوای مەرگی لە ساڵی 1837دا بڵاوکرایەوە، لوتکەی بەرزی ئەم شۆڕشە فیکریە دەژمێردرێت.

هەوڵ و تێکۆشانی هەموو ئە و بەرهەمانە بۆ وەدەستهێنانی ماهییەتی پێشڤەچووی مرۆڤە واتە مێژوویەکی هەمەکی کە بۆ ناسین دەبێ بەشێکی زۆر لە کولتوور و شارستانیەتەکان لەگەڵ یەکتر هەڵسەنگێنرێت بۆ ئەوەی هاوکێشەی گشتی رەوتی پێشکەوتن بەدەست بێنێت. رەوتی دووهەم بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگای مرۆیی کە لە ڤۆڵتێرەوە سەرچاوە دەگرێت لە سەر " دابونەریت"[17] پێدادەگرێت. لە راستیدا دابونەریت مانایەکی گشتییە کە لە دەروونیدا مانای زانستیی فەرهەنگی لێوەدیهاتووە. جووڵانەوەی زانستی کە مانای فەرهەنگی لێ پەیدابوو لە ئەڵمانەوە سەری هەڵداوە و پێشڕەوەکانیشی "ئاد لۆنگ "[18] و" هێردر "[19] بوون.

هێردر "فەرهەنگ "ی بە پەروەردە و توانستی مرۆڤ لێکدەداتە وە و ئادلۆنگ بە ئەدەب فێربوون و جوانکاری.

بەڵام لە زۆر جێگای تێکستەکەدا، کاتێک ئەم دوو کەسە وشەی "فەرهەنگ" بەکاردێنن ئەم وشەیە سەدایەکی تازەی هەیە بەڵام، ئاد لۆنگ و هێردر لە چەمکێکی گشتی و نوێی کولتوور نزیک بوونەتەوە. زاراوەی "مێژووی فەرهەنگ" یەکەمین جار لە لایەن ئادلۆنگ بەکارهاتووە.

ئەو بزوتنەوەیە کە ئادلۆنگ و هێردر هێنایانە ئاراوە، دوای نیو سەدە لەلایەن "کلێم"[20]ەوە درێژەی پێدرا. کلێم لە ساڵی 1843دا، کتێبێکی چەند بەرگی بە ناوی "مێژووی تەواوی کولتووری مرۆڤایەتی "[21] بڵاوکردەوە و لە ساڵی 1845دا "زانستی گشتیی کولتوور[22] "ی بڵاوکردەوە.

لە چەمکی "کولتوور" هەر وەکوو "کلێم" بەکاریدەهێنێ، پەروەردە پاشەکشەی کردووە و مانا تازەکە بەڕوونی بەدیارکەوتووە. لە نووسینەکانیدا لە باسی پرۆسەی پەرەگرتنی فەرهەنگ لە (وەحشیگەری - فێربوون — ئازادی) زۆر دواوە.

جارجاریش وشەی "فەرهەنگ"ی بە هەمان مانای زانستی تازە بەکارهێناوە. هەندێک جاریش گەیشتۆتە بەردەم تێگەیشتن لە چەمکی زانستیی فەرهەنگ و بێ‌شک گەیشتۆتە رادەی وەرگرتنی مانای زانستی وشەکە.

لە دوای ئەوە دەگەینە زنجیرەیەک لە مێژوونووس و فەیلەسوف و مرۆڤناسەکان و زانستپەروەرەکانی ئەڵمانیا کە فەرهەنگیان بە مانای تازە و زانستی بەکارهێنایەوە.

بەڵام خاڵی گرینگ ئەوەیە کە ئەم مانایە لە ئەڵمانەوە بۆ وڵاتانی‌تر چووە. بێ‌گومان مەبەست لە زاراوەی "جۆرەک مێژوویی کلتوریەکان" کە دانیلفسکی[23] لە ساڵی 1869دا بەکاریهێناوە، فەرهەنگ و شارستانیەتی گەورەیە کە "شپنگلر و توین‌بی[24] " بە هەمان مانا بەکاریان هێناوە.

دانیلفسکی سەبارەت بە بەکاربردنی مانای فەرهەنگ، خۆی بە قەرزداری کلێم دەزانێ، بەڵام بەکارهێنانی ورد و پێناسەی کولتوور لە تایلۆر[25]ەوە دەستپێدەکا.

لە کتێبی "لێکۆلینەوەیەک سەبارەت بە مێژووی سەرەتایی مرۆڤ و گەشەپێدانی شارستانییەت " کە لە ساڵی 1865دا بڵاوی کردەوە جاروبار

زاراوەی فەرهەنگی بەکارهێناوە، بەڵام زیاتر وشەی شارستانیەتی بەکارهێناوە. لە ساڵی 1871دا بۆیرانە ناوی " فەرهەنگی سەرەتایی[25]" لە سەر کتێبەکەی دانا و لە یەکەمین دێڕدا یەکەم پێناسەی بەڕاشکاوی بۆ فەرهەنگ کردووە، کە بە مێژووی لەدایکبوونی ئەم چەمکە زانستیە دەژمێردرێت، ئەگەرچی بەستێنی پەیدابوونی لە زمانی ئەڵمانیدا زۆر لە پێشووتر هەبووە.

پەسەندکردنی ئەم چەمکە کە تایلۆر داینا، زۆر لەسەرخۆ بوو و ئەمریکای‌یەکان لە پێش ئینگلیزەکاندا وەریانگرت. چەمکی تایلۆریی فەرهەنگ بۆ یەکەمین جار لە ساڵی 1929دا کەوتە ناو قامووسی "وبستر" و لە ساڵی 1947 یەکەمین جار لە فەرهەنگە گشتییەکانی ئینگلیزیدا دەبیێندریێ.

بەگشتی پسپۆڕان و رووناکبیرانی ئینگلیزی تا ئەو جێیەی توانیان لە رێگای چەمکی "کۆمەڵگا" یان "شارستانییەت" مەبەستی خۆیان بگەیەنن و زیاتریش ئەمریکایی‌یەکان لە هەمبەر پەسەندکردنی زاراوەی فەرهەنگدا راوەستان. بەمجۆرە لە بەریتانیا زاراوەی "مروڤناسیی کۆمەڵایەتی[27]" برەوی پەیداکرد، لە حاڵێکدا ئەمریکایی‌یەکان زاراوەی "مروڤناسیی فەرهەنگی[28] " بەکاردێنن. وا وێدەچێ کە پێ داگرتن لەسەر زاراوەی کولتوور زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ نارەزایی لە سەر بەکاربردنی وشەیەک کە بۆ یەکەم جار لە زمانێکی‌تردا جێگیر بووە.

ئەمریکایی‌یەکان لە وەرگرتنی دەستەواژە لە ئەڵمانەکان کەمتر شکیان کردووە. بەڵام فەڕانسە لە ئینگلیزیەکانیان زیاتر خۆڕاگری نیشاندا. وشەی (Civilization) لە گەڵ ئەو هەموو پێشکەوتن و شارستانیەتەوە لە زمانی فەڕانسەدا ئێستاش لە "کولتوور" لەپێشترە و لە فەڕانسەی ئەمڕۆشدا وشەی

نادیاری "کۆمەڵایەتی "[29] بە هەمان شێوەی سەردەمی دورکهایم لە بری هەر دوو چەمکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەکاردەبردرێ.

لە دەرەوەی ئەم دوو وڵاتە، زاراوەی فەرهەنگ (کولتوور) جیهانگیر بووە و هەموو کەس لە ماناکەی تێدەگات. ئە م زاراوەیە لە وڵاتانی رووسیا، ئیسلاو، ئەسکەندەناڤیا، هوڵەندا، ئەمریکای لاتین بە هەمان ئەندازەی وڵاتانی ئەڵمان و ئەمریکا برەوی پەیداکردوە.

## کولتوور و شارستانییەت

تا کاتێک کە تایلۆر لە نێوان هەردوو چەمکی کولتوور و شارستانییەتدا دوودڵی پێوەدیار بوو و تا کاتێک کە فەرهەنگی فەرهەنگی هەڵبژارد، پلەی سەرووی پێشکەوتنی کەمتر لەخۆگرتبوو و بۆ بەشێکی زۆر لە لێکۆڵەرەوانی ئینگلیسیزمان ئەم دوو زاراوەیان کەم تا کورتێک یەک مانای هەبوو و ماناکەیان لێکنزیک بوون و هەر کەس بە کەیفی خۆی بەکاریهێناون. بەڵام لە ئەڵماندا سێ هەوڵی جۆراوجۆر درا تا مانای فەرهەنگ و شارستانییەت لە بەرامبەر یەکدا داندران. یەکەمین کەس "ویلهێڵم فون هومبۆلت"[٣٠] بووە کە "لێپیرت"[٣١] و "بارس"[٣٢] وەدوای کەوتوون و فەرهەنگیان بە کردارێکی تەکنیکی – ئابووری یان پانتایی ماددی زانیوە و شارستانییەتیان بە لایەنە بەرز و توانستە مەعنەوییەکانی مرۆڤ لە قەڵەم داوە.

پاشان "ئەشپنگلێر" شارستانییەتی بە پلەی دوایی، بەردینە و نەخوڵقاو یان رۆژگاری پیری و پووکانەوەی فەرهەنگەکانی و ئامادەی رووداوەکان ژمارد. بەکاربردنی ئەم مانایە بۆ شارستانییەت، دەنگێکی زۆری لە وڵاتی ئەڵماندا لێپەیدا بوو، بەڵام لە دەرەوەی ئەو وڵاتە دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو.

سەرەنجام لە ساڵی 1920دا کاردانەوەی "ئالفرێد ویبر"[33] لە بەرامبەر "ئەشپنگلێر" دەبیندرێت. ویبر "شارستانییەتی" بە کرداری بابەتی و تەکنیکی – زانیاری کۆمەڵگایەک دەزانێت و "فەرهەنگ" بە هەندێ بواری زەینی وەکوو دین – فەلسەفە – هونەر لێکدەداتەوە. بە بڕوای ئەو شارستانییەت لە سەر یەک کەڵەکە دەبێت و ناگەڕێتەوە دواوە؛ بەڵام بەشەکانی فەرهەنگ بگۆڕ و تاقانە و قابیلی زۆر بوونن.

## ناسینی فەرهەنگ وەکوو پلەیەکی جیا لە رووداوەکان

دوای ئەوەیکە چەمکی فەرهەنگ وەک بەرهەمی تایبەتی ژیانی کۆمەڵایەتی یان دەستەیەکی تایبەتی و یەکگرتوو لە تایبەتمەندیی کرداری مرۆیی ناسرا، ماوەیەکی پێویست بوو تا باوەڕ بکەن کە فەرهەنگ، "رەهەند[34]" یان "لایەنێکی جیای دیاردەکانە" جیا لەوەیکە دەکرێ وەک رووداوێکی ژیان حیساب بکرێت و هاوڕێ لە گەڵ پێوەندی بە بونیادی فیزیکی و کیمیاوی خۆیەوە لە ئەوان جیاوازترە.

(لۆید مورگان)[35] لە ساڵی 1923دا، یاسای (دەرکەوتن)ی[36] بڵاوکردەوە بە بێ ئەوەیکە ناوێک لە فەرهەنگ بهێنێت.

گۆیا (فرو بنیوس)[٣٧] بۆ یەکەم جار، جیاوازیی پلەی دیاردە کولتووریەکانی دیمانسیۆنی فەرهەنگی بەکارهێنا و لە ساڵی ١٨٩٨دا لە کتێبی (چاوگی فەرهەنگە ئەفریقییەکان و رێبازی فەرهەنگی زانستیی سروشتی) [٣٨]دا بڵاویکردەوە و لە ساڵی ١٩٢١ لە (پایدوما) [٣٩]دا دووپاتی کردۆتەوە. ئەشپنگلێر لە ساڵی ١٩١٨دا وتەکانی بە تەواوەتی پەسەند کرد و (کرو بیر)[٤٠] لە ساڵی ١٩١٧دا لە کتێبی (سوپێر ئۆرگانیک)ی[٤١]دا لە سەری دوا و بەرگری لێکرد.

هەر وەکوو لە هەموو ریزەکاندا دەبینریٚ، ریزی خواروو چوارچیٚوەیەکن بۆ ریزەکانی سەرووتر کە لە ناخی  ئەواندا کار دەکەن. "یاساکان" یان هیٚز و ریزەکانی خواروو؛ خۆی لە خۆیدا رووداوەکانی ریزەکانی سەرووتر ساز ناکەن. هەرچۆنیٚک بیٚ ناکریٚ بگوتریٚت رووداوەکانی ریزەکانی سەرووتر یەکسەرە لە ریزەکانی خواروو ورگیراون؛ بەڵکوو هەموو کات لە هەر ریزیٚکی سەروتر زیادەیەکی تایبەتی تیٚدایە یانی ریٚکخراویٚکی دروستکراو لە "چەمکەکانی یەک کۆی تیٚکەڵاو" کە پیٚکهاتەکەی هی ئەو ریزەیە و تەنیا جیٚگای لەم ریزە دایە.

بەو پیٚیە پرۆسەی ئۆرگانیکی لە چوارچیٚوەی پرۆسە فیزیکی و کیمیا وییەکاندا کار دەکەن و ناتواندریٚ ئەوان لەم پرۆسەیەدا بەشبەش  بکریٚن بەبیٚ ئەوەی کە زیادە تایبەتەکە نەمیٚنیٚت.

ناسینی فاکتەرەکانی ریزی خواروو، هەبوونی هەندیٚ فاکتەری هەمیشەیی و بنەڕەتی لە ریزەکانی سەروودا ئاشکرا دەکات؛ بەڵام هەموو تایبەتمەندیە جیاکەرەوکانی تایبەتی ریزەکانی سەروو دەرنابڕن.

فەرهەنگ لە پانتایی سروشتدا بەرزترین پلەی روودا و باڵاترین پلەی جیٚگەی گومانە.

# پێناسەکانی فەرهەنگ

**دەستەی أ: پێناسە وەسفیەکان**[42]

ئەم پێناسانە بەربڵاون و جەخت لەسەر توخمە پێکهێنەرەکان دەکەنەوە__کە زۆرتر لە ژێر کاریگەریی پێناسهکانی (تایلۆر)[43] دان.

**تایلۆر؛ 1871**

فەرهەنگ یان شارستانییەت ....... مەعریفە، دین، هونەر، یاسا، رەوشت و ئاکار، دابونەریت و هەموو جۆرە توانا و رەوشتێک لەخۆ دەگرێت کە مرۆڤ وەکوو ئەندامێک لە کۆمەڵگە بە دەستی دەهێنێت.

**ویسلێر(44): 1920**

هەموو چالاکییە[45] کۆمەڵایەتیەکان بە بەربڵاوترین مانا وەکوو زمان، ژن و ژنخوازی، سیستمی خاوەدارێتی، ئەدەب و دابونەریت، پیشەسازی، هونەر و هتد لەخۆ دەگرێ.

**دیکسون(46): 1928**

أ) - کۆی هەموو چالاکی، دابونەریت و بیروبڕواکان

ب) - کۆی هەموو چالاکی و بەرهەمەکان، سیستەمی دینی و کۆمەلایەتی، دابونەریت و بیروبڕواکانی یەک قەوم ... کە زۆرتر بە شارستانییەت ناوزەد دەکرێت.

## بێندێکت(47): 1929

هەمەکێکی تێکچڕژاوە لە هەموو دابونەریتەکان کە مرۆڤ وەک ئەندامێکی کۆمەڵگا فێری دەبێت.

## بوئاس(48): 1930

فەرهەنگ هەموو سیمبولەکانی نەریتی کۆمەڵایەتی لە یەک بنکەی کۆمەڵگا و [2] پەرچەکرداری ئەو تاکانەی دەکەونە ژێر کاریگەریی بەرهەمی چالاکیی مرۆیی کە دابونەریت و خووخدەکان چۆنیەتیی ئەوان دەستنیشان دەکەن.

## هایلەر(49): 1933

بیر وباوەڕەکان، سیستەمە فیکریەکان، تەکنیکی زانستی، ڕێوشوێنی ژیان، دابونەریت، و تەواوی شێوازەکانی کردەوە کە کۆمەڵگە ڕێکی دەخات پێی دەگوترێ فەرهەنگ.

بە پێی ئەم شیکردنەوەیە فەرهەنگ هەموو ئەم کردارانە لەخۆدەگرێ کە لە پێوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵگەدا دروست دەبێت و یان لە گرووپێکی کۆمەڵایەتی وەردەگیرێت، بەڵام هەندێ فۆرمی تایبەتی کردەوە ناگرێتەوە کە خودان خەسڵەتی بۆماوەیین.

**لێنتون(50): 1936**

...... کۆی بڕوا، وەڵامی سۆزداری و مەرجداری و نموونە ئاسایی‌یەکانی کردەوە کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە لە ڕێگای پەروەردەوە بە دەستیان هێناوە و کەموزیاد تێیدا هاوبەشن.

**لۆوی[51]: 1937**

مەبەستی ئێمە لە فەرهەنگ کۆی ئەم شتانەیە کە تاک لە کۆمەڵگەی خۆی وەریدەگرێت، واتە بیروباوەڕ، دابونەریت، پێوەرییە هونەرییەکان، شێوازەکانی خواردن و خۆراک و ئەو پیشانەی کە بە شێوەی میرات لە کۆنەوە لە ڕێگای فێرکاری و پەروەردەی فەرمی و نافەرمی بە ئێمە گەیشتووە، لە ڕێگای چالاکیی خۆڕسکانەی تاکەوە.

**پانونسیو(52): 1939**

فەرهەنگ کۆیەکی تێکچڕژاوە لە سیستەمی چەمک و کارپێکردن، ڕێکخراوەکان، شارەزایی و کەرەستەی پێویست کە مرۆڤ لە ڕێگایانەوە لەگەڵ سروشتی فیزیکی[53] و بیۆلۆژیکی[54] و بەشەری بەرەوڕوو دەبێتەوە بۆ وەدەستهێنانی پێداویستیەکانی خۆی.

## ماڵینوسکی (55): 1944

فەرهەنگ بە زمانێکی سادە، بریتیە لە کۆیەکی یەککگرتوو کە کەرەستە و شتومەکی بەکارهێنان، تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی گرووپە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە، پیشە، بیروباوەڕ و دابونەریتە مرۆییەکان لەخۆ دەگرێ.

## کلاوکۆن (56) و کیلیێ (57): 1946

بەگشتی فەرهەنگ و بە مانایەکی وەسفیانە، بە واتای گەنجینەیەکی ئاخندراو لە خوڵقاندن و داهێنانی مرۆڤ: وەکوو کتێب، تابلۆ، تەلار و باڵەخانە و هەروەها زانستی خۆ رێکخستن لە گەڵ ژینگە؛ چ مرۆیی و چ سروشتی؛ هەروەها زمان، دابونەریت و سیستەمی پەروەردە، فەزیلەتی ئەخلاقی، دین و حوکمی چاک و خراپ کە بە تێپەڕبوونی کات پەیدابوون.

## بێدنی (58): 1947

فەرهەنگ هێمایە بۆ جۆرەکانی تەکنیکی فێربوون، کردار، هەست، و بیری تاک لە کۆمەڵگەدا و ئەو دەزگا کۆمەڵایەتیانەی کە بۆ گەیشتن بە ئامانجی هاوبەش پێکەوە کار دەکەن.

## کروبیر (59): 1948

کۆی پەرچەکرداری فێرکار و وەرگیراوی شان و بازوو و، دابونەریت، تەکنیک، بیروباوەڕ، بایەخەکا ن و، کردەوەی ژێر کاریگەریی ئەوان فەرهەنگ دروست دەکات. فەرهەنگ بەرهەمی تایبەتیی مرۆڤ و چۆنیەتیەکی جیاکەرەوەیە لە زیندەوەرانیتر لە دونیادا ....... فەرهەنگ ...... لە هەمان

حاڵ و لە یەک کاتدا هەموو بەرهەمە کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە و هێزێکی گەورەیە کە کاریگەریی لەسەر هەموو تاك و گرووپەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی دادەنێ.

### هرسکۆ ڤیتس(60): 1948

فەرهەنگ هێمایە بۆ ئەو بەشەی سەنتەری گشتیی ژیانی ئادەمیزادە کە ئامرازی سازکراوی دەستی مرۆڤ، تەکنیک، لایەنگیری کۆمەڵایەتی، بیروبۆچوونەکان و ئارمانجە دەستنیشانکراوەکان کە فاکتەری راستەوخۆی دەستنیشانکردنی رەفتارن و لەهەڵسوکەوتەکاندا دەردەکەون.

### هرسکو ڤیتس(61)؛ 1948

فەرهەنگ لە بنەڕەتدا دەربڕی بینایەکە، تەواوی بیروباوەڕ و کردەوە و زانست و بایەخ و هەموو ئەو ئارمانجانەیە کە شێوەی ژیانی هەر میللەتێک دیاری دەکات و ...... سەرئەنجام بریتییە لە هەر شتێکی کە نەتەوەیەک هەیەتی و هەرشتێکی کە دەیکات و بیری لێدەکاتەوە.

### دەستەی ب): پێناسە مێژوویی‌یەکان

لەم پێناسانەدا پشت بە میراتی کۆمەڵایەتی_ یان نەریتی بەستراوە.

### پارک(62) و بۆرجس(63): 1921

فەرهەنگی گرووپێک، کۆی سیستەمی میراتی کۆمەڵایەتییە کە خوو و خولقی رەگەزی و ژیانی مێژوویی گرووپەکە مانای کۆمەڵایەتیی پێ بەخشیوە.

**ساپیر(64): 1921**

فەرهەنگ واتە ...... کۆیەکی یەکگرتووی کردار و باوەڕ کە لە ڕێگای کۆمەڵگەوە بەمیرات بەجێماوە و شێوەی ژیانی ئێمە دیاری دەکات.

**مایرس(65): 1927**

فەرهەنگ ئەو شتەیە کە لە رابردووی مرۆڤەکانەوە بەجێماوە و کار لە ژیانی ئێستایان دەکات و داهاتووش دەستنیشان دەکات.

**بۆئاس(66): 1929**

دەکرێ بگوترێت فەرهەنگ ئەو رەفتارانە دەگرێتەوە کە لە ناو کۆمەڵگەی مرۆییدا هاوبەشە و پشتبەپشت و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگوازرێتەوە.

**ماڵینوسکی: 1931**

ئەم میراتە کۆمەڵایەتییە چەمکی سەرەکی ئەنترۆپۆلۆژیایە کە، پێی‌دەگوترێ فەرهەنگ ..... فەرهەنگ تێکەڵاوێکە لە شارەزایی، کار، تەکنیک، بیروبڕوا، خووخدە و بایەخەکان.

**لۆوی[67]: 1934**

هەموو نەریتە[2] کۆمەڵایەتییەکان هەر وەکوو تایلۆر دەڵێت: فەرهەنگ بریتییە لە توانایی و خووخدەکان کە مرۆڤ وەکوو ئەندامێکی کۆمەڵگە وەدەستی دەهێنێت ... .

### لێنتون[68]: 1936

به میراتی کۆمەڵایەتی دەڵێن فەرهەنگ. فەرهەنگ بە مانا گشتییەکەی هەموو میراتی کۆمەڵایەتی مرۆڤ دەگرێتەوە و بە مانای تایبەتییەکەشی رەگێکی تایبەتە لە میراتی کۆمەڵایەتی واتە فەرهەنگی گەل یان نەتەوەیەک.

### مید[69]: 1937

فەرهەنگ بە مانای هەمەکێکی تێکچڕژاوە لە رەفتاری نەریتی (traditional) کە نەژادی مرۆڤ گەشەی پێداوەو نەوە لەدوای نەوە فێردەکرێت. بە سرنجەوە دەستنیشانکردنی چوارچێوەی یەک بۆ فەرهەنگ لەئارادا نییە، بەو مانایە کە دەتوانێت شێوەی نەریتە تایبەتییەکانی کۆمەڵگایەک، یان دەستەیەک لە کۆمەلگە، یان رەگەزێکی دەستنیشانکراو، یان رەگەزێکی دەستنیشانکراو یان یەک دەورە و زەمانی دەستنیشانکراو بێت.

### ساترلەند[٧٠] و وود وارد[٧١]: ١٩٤٠

فەرهەنگ ئەو شتانە دەگرێتەوە کە بتوانێت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی‌تر بچێت. فەرهەنگی هەر گەلێک میراتە کۆمەڵایەتییەکەیەتی؛ یان بە واتایەکی‌تر کۆیەکی تێکچڕژاوە کە بریتیە لە زانست، دین و هونەر، ئەخلاق، یاسا، هونەر، کەرەستەسازی و چۆنیەتیی بەکاربردنی و شێوازی گەیاندنی بە داهاتوو.

**ئانگیال[72]: 1941**

دەتوانین فەرهەنگی ئاوها پێناسە بکەین: قەوارەیەکی رێکخراو لە نموونەی[4] رەفتار کە لە رێگەی میراتی کۆمەڵایەتیەوە دەگوازرێتەوە؛ واتە لە رێگەی نەریتەکانیەوە، و هەر فەرهەنگێک تایبەتە بە پانتاییەک و یان گرووپێک لە خەڵک.

کروبر[73]: 1948

بە زمانی زیندەوەرناسی و فیزیۆلۆژی، فەرهەنگ بریتیە لە کرداری مەرجی (دیاریکراو)[74] یان بۆ فێربوون شیاو؛ چەمکی فێرکاری دەمانباتەوە بۆ پانتایی ئەو شتانەی کە لە رێگەی کۆمەڵگەوە دەگوازرێنەوە بۆ پانتایی ئەو بەشەی کە لە رێگەی نەریتەکانەوە پێماندەگات؛ (و ئەو شتەی کە مرۆڤ وەکوو تاکێکی ناو کۆمەڵگە بە دەستی دەهێنێت). بەهەرحاڵ باسکردنی چۆنیەتی پەیدابوونی فەرهەنگ بە راستی روونکەرەوەی تایبەتمەندیەکانیەتی تا چۆنیەتی هەبوونی.

**پارسۆنز[75]: 1949**

فەرهەنگ ...... بریتیە لەو نموونەیەی کە پەیوەستە بە رەفتار و بەرهەمەکانی کاری مرۆیی و کە دەتوانێت بە میرات بەجێدەمێنێ؛ واتە بەبێ بەکارهێنانی میراتی بیۆلۆژیک لە پشتێکەوە بۆ پشتێکیتر بگوازرێتەوە.

**هینری[76]: 1949**

من دەمەوێت فەرهەنگ ئاوها پێناسە بکەم: سیستەمی وەرگیراوی کاردانەوە لە تاک و دەستەدا ....... فەرهەنگ واتە سیستەمی فێرخوازی لە رێگەی پرۆسەی دەستەمۆکردنەوە[77] .......

**رادکلیف – براون[78]: 1949**

وەکوو کۆمەڵناسێک، ئەو راستیەی کە ناوم ناوە فەرهەنگ پرۆسەی نەریت[79] و گواستنەوەی فەرهەنگییە واتە پرۆسەیەک کە لە رێگەی ئەم پرۆسەیەوە لە ناو دەستە یان توێژێکی کۆمەڵایەتی دەستنیشانکراو، زمان، بیروباوەڕ، خەیاڵ، شتە پەسەندەکان، زا نست و کارامەیی و هەموو جۆرە خووخدەیەک کە دەست بە دەست یان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر وە یان پشتبەپشت دەگوازرێتەوە. (مانای نەریت؛ گواستنەوەی دەستبەدەستی بەرهەمە کانە[80]).

**دەستەی پ): پێناسەی پێوەری (نۆرماتیڤ) [81]**

**پ – 1)** ئەم پێناسانە جەخت لە سەر رێسا[82] و رێگە[83] دەکەنەوە.

**ویسلەر: 1929**

شێوەیەکی ژیان کە کۆمەڵگەیەک[84] یان خێڵێک پەیڕەوی لێدەکات؛ فەرهەنگ دەگوترێت ....... کە هەموو شێوازە کۆمەڵایەتیە یەکسانەکان دەگرێتەوە ...... فەرهەنگی خێڵەکی بریتیە لە کۆی بیروباوەڕە یەکدەستەکان و ئەو شێوازەی کە خێڵ بەکردەوە ئەنجامیان دەدا.

**بۆگاردوس[85]: 1930**

فەرهەنگ کۆی رێوڕەسمی کردەوە و بیروباوەڕی گرووپێکی کۆمەڵایەتی لە رابردوو و ئێستادایە و بریتیە لە کۆی نەریت یان بیروباوەڕ و دابونەریت و هەموو ئەو شێوازانەی لە نەوەی پێشووڕا هاتوون.

## یانگ[86]: 1934

زاراوەی گشتی بۆ ڕێوشوێنی هەمەلایەن و پەسەندکراوی بیر و باوەڕ و کردەوە، پێی دەگوترێت فەرهەنگ. ئەم زاراوەیە تەواوی ڕێوشوێنی ژیانی جەماوەر دەگرێتەوە[87] کە لە ژیانی دەستەیەک خەڵکیدا پەروەردە کراون؛ بە تایبەتی کە فەرهەنگ لە ڕابردووەوە بە ئێمە گەیشتوە.

## لێند[88]: 1940

هەموو ئەو کارانەی کە خەڵکی نیشتەجێی لە پانتاییەکی هاوبەشی جوگرافیدا ئەنجامی دەدەن؛ بۆ نموونە ڕێوشوێنی کردەوەکان و ڕێوشوێنی بیرکردنەوە و هەست سەبارەت بە شتەکان و کەرەستەی ماددی و بایەخەکان و سیمبۆلەکانی[89].

## لێنتون: 1945

فەرهەنگی کۆمەڵگەیەک ڕێوڕەسمی ژیانی ئەندامانیەتی و هەروەها کۆی بڕوا و بیرکردنەوە و خووخدەکانە کە فێری دەبن و پێکەوە تێیدا هاوبەشن و پشتاوپشت دەیگوازنەوە.

## کلاکن و کلیَ: 1945

مەبەستی ئێمە لە فەرهەنگ هەموو ئەو گەڵاڵانەیە کە بە درێژایی مێژوو بۆ ژیان داڕێژراون و دیار یان نادیار و بە عەقلانی[90] و دژ بە ئاقڵ[91] و بێئاقڵانە[92] هەمیشە ڕێنمایەکی بەتوانا بوونە بۆ کردەوەی مرۆڤ بوون.

### هرسکوڤیتس: 1948

فەرهەنگ، ڕێوشوێنی ژیانی گەلێکە؛ لە حاڵێکدا کۆمەڵگە کۆی ڕێکخراوی کەسانێکە کە لە یەک ڕێوشوێنی دەستنیشانکراوی ژیان پەیڕەوی دەکەن. بە واتایەکی‌تر کۆمەڵگە ئاوێتەیەکە لە خەڵکێک کە ڕێوشوێنی کردەوەکە یان فەرهەنگەکەیانە.

### بنێت[93] و تومین[94]: 1949

فەرهەنگ بریتیە لە نموونەی کردار و ڕەفتاری هەموو دەستە و گروپەکان کە ڕێورەسمی ژیانی پێدەگوترێت؛ لە سیمای دیاری هەموو گرووپە مرۆییەکان، ڕوداوی (فەرهەنگ) بۆ هەمووان یەکسانە، بەڵام نموونەی تایبەتی فەرهەنگ لە نێوان دەستەکاندا جۆراوجۆرە. فەرهەنگ ئەو نموونە تایبەتیەی کردەوەیە کە کۆمەڵگەیەک لەویتر جیا دەکاتەوە.

### کلاکن: 1951

فەرهەنگ، هێمایە بۆ ڕێوشوێنی دەستنیشانکراوی گرووپێک لە خەڵک و یان گەلالەی ژیانیان.

**پ- 2) جەخت کردن لە سەر ئارمانجە کان و بەهاکان بێجگە لە رەفتار وکردار**

**توماس[95]: 1937**

فەرهەنگ بریتیە لە بەها ماددی و کۆمەڵایەتییەکانی گرووپێک لە خەڵک چ کێوی و چ شارستانی (دامودەزگاکان – دابونەریت – بڕواکان – کاردانەوەی کردەوەکان).

**بێدنی: 1942**

هەموو فەرهەنگێک بریتیە لە کردەوە و بیرکردنەوەی وەدەستکەوتوو یان بیری پەروەردەکراوی تاک لە کۆمەڵگەدا؛ هەروەها بریتیە لە ئارمانجە (ئاقڵی– هونەری – کۆمەڵایەتیەکان) کە هەموو ئەندامانی ناو کۆمەڵگا پێی ئاشنان و پێی ڕاهاتوون.

**بێدنی: 1946**

پێناسەی تەواو و پڕبەپێستی فەرهەنگ بریتیە لە رەفتار و هەست و بیری پەروەردەکراو یان فێربووی تاک لە ناو کۆمەڵگەدا؛ هەروەها نموونە و شێوازی ئارمانجە (ئە قڵی – کۆمەڵایەتی– هونەری )یەکان کە کۆمەڵگای مرۆیی لە رەوڕەوەی مێژوودا لە خۆیان نیشان داوە.

**سوروكين[96]: 1947**

جۆری فەرهەنگی جیهانی سوپەرئۆرگانیک[97] بریتیە لە ماناكان– بەهاكان– شتە پەسەندەكان و كارلێک) و پێوەندیان لە گەڵ یەكتر لە گرووپگەلی یەكگرتووە و لێکبڵاودا (سیستەمەكان و خەڵكی پەڕا كەندە[98]) هەر وەكوو لە كردەوە ئاشكراكان و كەرەستەكانی ئاشكراكردن لە جیهانی فەرهەنگی كۆمەڵایەتی پێكهاتوو و وەدیهاتوو وەبەرچاو دەكەوێت.

**دەستەی ت: پێناسە دەروونناسییەكان[99]**

**ت– 1)** پێداگری لە سەر فەرهەنگ وەكوو ئامرازی راستكردنەوە[100] و چارەسەری_كێشەكان

**اسمال[101]: 1905**

فەرهەنگ ....... بریتییە لە كۆی كەرەستە تەكنیكی - میكانیكی – زەینی – ئاكاری كە خەڵک لە كاتێكی دیاریكراودا لە رێگەی كارهێنانیانەوە بە ئامانجی خۆیان دەگەن.... . فەرهەنگ بریتیە لە ئەو ئامرازانەی كە بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەكانی تاک و كۆمەڵگە بەكاردێن.

**داوسن[102]: 1928**

فەرهەنگ، رێوشوێنی هاوبەشی ژیانە؛ واتە فاكتەری گونجانی تایبەتی مرۆڤە لە گەڵ ژینگەی سروشتی و پێداویستیی ئابووریدا.

## پانونزیو[103]: 1939

....... فەرهەنگ سیستەمێکە سازکراوی دەستی ئادەمیزاد یان سیستەمێکی سوپەرئۆرگانیکە و خۆڕسک[104] و زیندوو[105] لە ئەرکەکانی خۆیدا؛ سیستەمێکە نموونەیی؛ لەبەرچاو، سوودمەند بۆ مرۆڤ، زێدەبوو و دەوامبەخشی خۆی. فەرهەنگ کۆیەکی تێکچڕژاوە لە سیستەمی؛ وەرگرتن و لێکحاڵیبوون و کارپێکردنی، دامودەزگاکان، شارەزایی، و ئامرازەکان کە مرۆڤ لە گەڵ سروشتی فیزیکی و بیۆلۆژیکی و مرۆیی بۆ گەیشتن بە خواست و نیازەکانی دەگەڵی ڕووبەڕوو دەبێت.

## فورد[106]: 1942

فەرهەنگ بریتیە لە ڕێگەی نەریتی بۆ چارەسەری پرسەکان .......... فەرهەنگ ..... بریتیە لە وەڵامە پەسەندکراوەکان لەبەر ئەوەی سەرکەوتوو بوون. بە کورتی فەرهەنگ بریتیە لە ڕێگەی وەدەستهاتوو بۆ چارەسەری کێشەکان.

## یا نگ[107]: 1942

فەرهەنگ بریتیە لە تێکەڵاوێک لە ئایدیا و بیرکردنەوەکان — تێروانینەکان[107] — و خووخدەی هاوبەش و کەموزۆر یەکسان کە بۆ وەدەستهێنانی ئارمانج و نیازە هەمیشەییەکانی مرۆڤ پەروەردە کراون.

## کلا کن و لێتن[108]: 1946

ئەو پرس و بابەتگەلەی؛ شێوەی رووبەڕووبوونەوەیان بەستراوەتەوە بە کەرەستە و ئامرازی بیۆلۆژیک و هەندێک لە راستییەکانی جیهانی دەرەوە. بەڵام بۆ زۆر لە پرسەکان چەند جۆر چارەسەری هەیە. هەر فەرهەنگێک بریتیە لە دەستەیەک لە ڕێگەی چارەسەری هەمیشەیی و عورفی بیروباوەڕ و هەست و کاردانەوەکانی کە ڕێگەی چارەسەری کۆمەڵگایە بۆ رووبەڕووبوونەوەی پرسەکانە لە کاتێکی تایبەت دا.

## موریس[109]: 1948

هەر فەرهەنگێک گەڵاڵەیەکە بۆ ژیان، کە گرووپێک لە خەڵک لەگەڵ یەکتر لە کارلێک و کاردانەوە دان؛ لەم ڕێگەیەوە بەشێک لە ویست و داخوازییەکان لە بەشێکیتر و هەندێک لە ڕێگەی پاراو کردنی ئەم ویست و داخوازیانە لە ڕێگایەکانیتر خۆش دەکات.

دەبێ جەخت لەسەر دڵڕفێنی و حەزلێبوون بکرێتەوە. چونکە زیدەخوازیی زیندەوەران کارێکی سەرەکی و بنەڕەتییە .... واتە ژیان بەشێوەی ئارەزوومەندانە و پێخۆشبوونە بە جۆرێک کە پێخۆشبوونی هەندێک ئارەزوو لەوانیتر و یان پێخۆشبوونی هەندێک لەم ڕێگایانە لە بەرامبەر ڕێگاکانیتر بۆ گەیشتن بە ئارمانجی هەڵبژێردراوە کە باڵاتر و بناوان ژمێردراون. فەرهەنگ نموونەیەکە لەم پێخۆشبوونانە کە تایبەتە بە گرووپێک لە تاکەکان کە لەگەڵ ڕەوڕەوەی ژیان بۆ نەوەکانی داهاتوو دەست بە دەگوازرێتەوە.

### گۆرڕ[110]: 1949

..... هەر فەرهەنگێک بە مانای ئەنترۆپۆلۆیەکەی واژەکە، بریتیە لە ئەو نموونە هاوبەش و فێربوانەی کردەوە کە لە رێگەی ئەوانەوە، هاندەرە بیۆلۆژیک بە شێوەی نیاز و ئارەزووی کۆمەڵایەتی وەدیهاتوون و لە رێگەی دامودەزگاکان بەدیدێن و لە هەمان کاتدا چاک و خراپ پێناسە و دەستنیشان دەکرێت.

### پیدینگتون[111]: 1950

دەکرێت فەرهەنگی گەلێک بە کۆی کەرەستە و ئامرازە ماددی و فیکرییەکان بژمێردرێ کە ئەم گەلە بە دەکارهێنانیان، پێویستییە کۆمەڵایەتی و ژیانییەکانی خۆیانی پێ دابین دەکەن تا بتوانن خۆیان لەگەڵ ژینگە بگونجێنن.

### ت – 2 ) جەخت کردن لەسەر فێربوون

### ویسلەر: 1976

دیاردەی فەرهەنگی بریتیە لە هەموو کردار و رەفتارەکانی کە لە رێگەی فێربوونەوە وەدەست هاتوون ..... بەم شێوەیە دیاردەی فەرهەنگی دەتوانێت بە کۆی تێکچرژاوی هەموو کردار و رەفتارە وەرگیراوەکانی کۆمەڵگای مرۆیی بژمێردرێ.

## هارت[112] و پانتزر[113] : 1925

فەرهەنگ بریتیە لە نموونەکانی کردەوە کە لە ڕێگەی فێربوون یان لە ڕێگەی چاولێکەری وەدەست هاتوون و گوازراونەتەوە ...... فەرهەنگ بریتیە لە هەموو نمونەکانی رەفتار کە بە شێوەی کۆمەڵایەتی وەدەست هاتوون و بە شێوەی کۆمەڵایەتی دەگوازرێنەوە.

## لاپێیر[114]: 1946

فەرهەنگ بەرجەستەبووی (incarnatin) فێربوون گرووپێکی کۆمەڵایەتییە بە درێژایی مێژوو و نەوەکانی رابردوو بە شێوەی دابونەریت؛ دامودەزگا؛ و ..... فەرهەنگ کۆی ئەم شتانەیە کە گرووپەکان سەبارەت بە ژیانی هاوبەشی کۆمەڵایەتی لە بوارە تایبەتییەکان فیزیکی و بیۆلۆژیکیەکانەوە فێر بوون و خۆیان تێدادیوەتەوە.

## بێندێکت[115]: 1947

...... فەرهەنگ زاراوەیەکی کۆمەڵناسیە بۆ ئەو کردار و رەفتارانەی فێریان دەبین: واتە ئەم بەشە لە کردار کە لە گەڵ ئادەمیزاد لە دایک نەبوون، بە پێچەوانەی رەفتاری هەنگ و مێرووڵەکان بۆماوەیی نیە، بەڵکوو هەر نەوەیەک دەبێت سەر لە نوێ لە خەڵکی گەورەتر فێری بن.

## یا نگ: 1947

ئەم زاراوەیە هێمایە بۆ نموونەی کەموزۆر ڕێکخراو و پایەداری خوو و رەوشت - بیر و خە یا ل – بۆچوون و تێڕوانینەکان - و ئەو بایەخانە کە لە دەورانی گەورەبووندا، بچووکەکان لە گەورەکانەوە فێری دەبن.

ئوپلێر[116]: 1947

فەرهەنگ کۆی هونەر – ئایدیا – کردار و ڕەفتاری فێربووی دەستەیەکە کە لە ژیاندا بەکاری دێنن.

**دیویس[117]: 1948**

فەرهەنگ هەموو کردەوەکانی مرۆڤە کە تاک بۆ هاوسەنگی لە گەڵ گرووپ بەکاری دەهێنێت.

**هوبل: 1949**

فەرهەنگ کۆی ئەو نموونە ڕەفتاری و کردارییانەیە کە فێریان بووینە و ئەندامانی کۆمەڵگادەناسێنێت و بەرهەمی بۆماوەیی بیۆلۆژیک نییە.

**ویلسۆن[118] و کولب[3]: 1949**

فەرهەنگ بریتیە لەو نموونە و بەرهەمە ڕەفتاری و کردارییانەی فێریان دەبین، واتە دابونەریت – زمان – خوو و ڕەوشت و خورد و خۆراک – بیروباوەڕی دینی – بەکاربردنی ئامرازە دروستکراوەکان – دامودەزگای مەعریفە و ... .

**ئیستیوارد[119]: 1950**

فەرهەنگ بە مانای ڕێوشوێنی فێربوونی کردەوەکانە کە بە شێوەی کۆمەڵایەتی پشتاوپشت لە ناو کۆمەڵگەیەکی تایبەتدا دەگوازرێتەوە و دەتوانێت لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکیتر تەشەنە بکات.

## سلۆتکین[120]: 1950

به پێی پێناسه؛ دابونەریت دەستەیەکە لە کردارەکان کە لە کەسانیترەوە فێری دەبین .... هەر فەرهەنگێک کۆڵەکەیەکە لە دابونەریت کە لە کۆمەڵگەدا دەبیندرێت و هەر کەسێک بە پێی ئەم دابونەریتە کار دەکات و لە ناو ئەم فەرهەنگەدا بەشدارە. لە روانگەی بیۆلۆژییەوە فەرهەنگی کۆمەڵگا ئامرازێکە بۆ گونجانی ژینگە و کۆمەڵگا ... کەرەستە سازکراوەکان لە ناو پێناسەی فەرهەنگدا ناگونجێت.

### ت – 3): جەخت کردن لەسەر خوو

## یانگ: 1943

فەرهەنگ، شێوەی کردەوەی ئاسایی[121] هاوبەشە لە نێو گرووپێک، جڤاتێک[122] و کۆمەڵگایەکدا کە لە فاکتەرە ماددی و ناماددییەکان دروست کراون.

## موورداک[123]: 1941

... فەرهەنگ بریتیە لە نموونەی نەریتی وەدەستهاتووی گواستراوەی کردەوە کە تاک بە پێی بەشێکی زۆری رەوشتە جێکەوتووەکان پێی دەنێتە هەر دەرفەتێکی کۆمەڵایەتیەوە.

**دەستەی ج – پێناسە بونیادییەکان[124]**

**لەم پێناسانەدا لەسەر نموونەسازی و ڕێکخراوی فەرهەنگ پێ داگیراوە.**

## ویللێ[125]: 1929

فەرهەنگ سیستەمێکە لە نموونەی خووی ئاسایی وەڵامدانەوە[126] کە پەیوەستن و هاوپشتن.

## ئاگبۆرن[127] و نیمکوف[128]: 1940

فەرهەنگ بریتیە لە داهێنا ن، یان تایبەتمەندییە کلتوورییەکان، کە لە سیستەمێکدا یەکیان گرتووە و لە نێوان پێکهاتەکانی‌دا، بە شێوەی جۆراوجۆرە پێوەندیی هاوبەش هەیە.

فەرهەنگ بریتیە لە تایبەتمەندی ماددی و نامادی کە لە سەر پێداویستییە مرۆییەکان ڕێکخراون و دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکانمان پێماندەبەخشن کە کاکڵی ناوەندیی فەرهەنگی ئێمەن.

دامودەزگاکانی فەرهەنگێک لە سەر بنەمای پێوەندیی ناوەکی خۆیان نموونەیەک دروست دەکەن کە بۆ هەموو کۆمەڵگە وەک یەکە.

## لێنتن: 1945

ئەلف) ... و فەرهەنگەکان لە دواترین هەڵسەنگاندندا شتێکی زیاتر لە وەڵامی دووبارەی ئەندامانی کۆمەڵگایەک نین.

ب )- فەرهەنگ پەیکەرەیەکە لە کردەوە وەرگیراوەکان و دەرەنجامی رەفتار و کردار کە توخمە پێکهێنەرەکانی لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگایەکی تایبەتدا هاوبەشن و بە هۆی ئەوانەوە دەگوازرێنەوە.

## کلاکن و کیلیَ: 1945

فەرهەنگ سیستەمێکە لە گەلاڵەی وەدیهاتوو و وەدینەهاتوو بۆ ژیانی مرۆڤ کە لە مێژووەوە سەرچاوە دەگرێت و هەموو ئەندامانی و یان ئەندامانێکی دیاریکراوی گرووپێک تێیدا هاوبەشن.

## کوتو(129): 1949

فەرهەنگ پەیکەرەیەکی بەرفراوانە کە ناومان ناوە "پانتایی کارلێکی" کە بریتیە لە شێوەی ژیانی گەلێک؛ وەکوو شێوەی ژیانی خەڵکی چین، ئەورووپای رۆژئاوا – وڵاتە یەکگرتووەکان. فەرهەنگ لە سەر تەواوی نەتەوە هەمان کاریگەری و کاردانەوەی هەیە کە کەسایەتی لە سەر تاک هەیەتی و بناغەی خەسڵەت(130)، هەمان نیسبەتی لە گەڵ فەرهەنگ هەیە کە (خودی) تاک(131) لە گەڵ کەسایەتی و ناوکی زۆرترین رەفتار و کردارەکانی داهاتوویە.

## ده سته ی ج – پێناسەی بۆماوەیی

### ج- 1) فەرهەنگ وەک بەرهەم یان دروستکراوێک

### گروز[132]: 1928

بەرهەمی وەکیەکی مرۆیی

### ویللێ[133]: 1927

... ئەو بەشەی لە ژینگە کە مرۆڤ بۆ خۆی دروستی کردوە و دەبێت خۆی لەگەڵدا هاوسەنگ و سازگار بکات.

### فالسم[134]: 1928

فەرهەنگ کۆی هەموو شتە دروستکراوەکانە، واتە تەواوی دامودەزگای کەرەستەکان و رەوشتی ژیانن کە بە دەستی مرۆڤ ساز کراون و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر دەگوازرێنەوە.

### فالسم: 1931

فەرهەنگ هیچ بەشێک لە ئا دەمیزاد و یان کەرەستەی لە دایک بوو لەگەڵ ئەو نییە، بەڵکوو کۆی هەموو ئەو شتانەیە کە مرۆڤ بەرهەمی هێناون: کەرەستە و ئامراز – سمبولەکان – زۆرترین دامودەزگاکان – کردار و کارە گشتییەکان– تێروانین و بۆچوون و بیروباوەڕەکان و ئەویش بریتیە لە دەسکەوتە ماددی و غەیرەماددیەکان و هەر شتێک کە لە نەوەیەکەوە بە

نەوەیەکی‌تر گەیشتبێت و ئەوانە ناگرێتەوە کە نەوەیەک بۆ خۆی وەدەستی هێنابێت. بە کورتی فەرهەنگ هەمان شارستانیەتە.

## وینستون: 1933

فەرهەنگ بە گشتی بەرهەمی کارلێکی کۆمەڵایەتیە .... رەفتاری مرۆڤ تا ئەو جێگایە بە رەفتارێکی فەرهەنگی دەژمێردرێت کە رەوشتی تاک لەسەر بنەمای نموونەیەک دامەزرابێت کە ئێستا ئەم نموونەیە وەکوو شتێکی دانەبڕاو لە فەرهەنگێک کە تاک تێیدا لە دایک بووە، هەبێت.

## واردن[135]: 1936

چەند نموونەیەک لە ژیانی گرووپێک کە بوونیان گرێ دراوە بە هەبوونی میکانیزمێکی سێ لایەنەوە، واتە داهێنا ن – پێوەندی - خووی کۆمەڵایەتی[136]- کە پێوەستن بە سیستەمێکی فەرهەنگییەوە.

... سیستەمی فەرهەنگی سوپەر ئۆرگانێکیە[137] و شێوەی کارکردن و چەند جۆر نموونەسازی[138] تایبەتی خۆی هەیە. ناتوانین فەرهەنگ بە تەنیا بە میکانیزمی فیزیکی و یان کۆی فاکتەرە بیۆلۆژیکی – کۆمەڵایەتییەکان دابنێین. وا وێدەچێت کە چەمکی فەرهەنگ بە مانای جۆری بێ‌هاوتای رێکخراوی کۆمەڵایەتی لە هەموان زیاتر لەگەڵ بیروبۆچوونی (پرۆسەی پەرەسەندنی بەرهەمە وەدیهاتووەکان)[139] بێتەوە.

### سوروکین: 1937

فەرهەنگ لە بەربڵاوترین مانای وشەکەدا کۆی ئەو شتانەیە کە بە کار و کردەوەی هۆشیارانە یان ناهۆشیارانەی دوو کەس یان زیاتر کە سەروکاریا ن پێکەوە هەیە و رەفتاریان پێکەوە گرێدراوە، دەخوڵقێت یان دەگۆڕدرێت.

### رویتر[140]: 1939

زاراوەی فەرهەنگ بە مانای کۆی داهێنانەکانی مرۆڤ و بە مانای بەرهەمی سازماندراوی ئەزموونی مرۆڤایەتییە کە تاکوو ئێستا بەکارهاتووە. فەرهەنگ هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە ئا دەمیزاد لە پرۆسەیەکدا بە شێوەی جۆراوجۆرە وەکوو ئامراز – کەرەستە و پێداویستیی شەڕ – پەناگە – و شتە ماددیەکانیتر دروستی کردوون کە بریتیە لە هەموو ئەو شتانە کە لە رووی تێروانین و باوەڕ – بیر و دادوەری – یاسا – دامودەزگا – هونەر و زانست – فەلسەفە – و سازمانی کۆمەڵایەتی دروست بوون و کۆک و پۆشتە کراون. هەروەها فەرهەنگ بریتیە لە پێوەندی دەروونی ئەم فاکتەرانە و هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ کە لە ژیانی ئاژەڵی جیای دەکاتەوە.

هەر شتێکی ماددی و غەیرەماددی کە دە رێڕەوی ژیاندا بە دەستی بەشەر دروست کرابێت دە مانای فەرهەنگدا جێی دەبێتەوە.

### بێرنا رد: 1942

فەرهەنگ بە مانا کۆمەڵناسیەکەی بریتیە لە هەر شتێک کە دروستکراوی دەستی مرۆڤ بێت؛ چ شتی ماددی بێت یان کردەوەی سیمبولیک[141] یان رێکخراوی کۆمەڵایەتی.

## هانتینگتۆن[142]: 1945

مەبەستی ئێمە لە فەرهەنگ هەر شتێک؛ خوو و رەوشت – بیروباوەڕ – دامودەزگا – و شێوەی بیرکردنەوە و کردارێکە کە مرۆڤ بەرهەمی دەهێنێت و دەیخۆلقێنێت و لە دواییدا بە کەسانێکیتر بە تایبەتی بە نەوەی دوای خۆی دەسپێرێ.

## بێدنی: 1947

دەکرێت فەرهەنگی مرۆڤایەتی پرۆسەیەکی دینامیکی دەروونزا و بەرهەمی خۆ پەروەردەکردنی[143] سروشتی مرۆیی و ژینگەی سروشتی بژمێردرێت و بریتیە لە پێشکەوتنی پێداویستیەکانی هەڵبژێردرا و لە سروشت بۆ گەیشتن بە ئامانجە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیەکانی ژیان.

## هرسکویتس: 1948

پێناسەی کورت و سوودبەخشی لە فەرهەنگ ئەمەیە: فەرهەنگ ئەو بەشە لە ژینگەیە کە دروستکراوی دەستی مرۆڤە.

## کلاکن: 1949

... فەرهەنگ ئەو بەشەیە لە ژینگە کە خۆلقێندراوی دەستی مرۆڤە.

## مورداک: 1949

کارلێکی نێوا ن پەروەردە و کۆمەڵگە لە هەر گرووپێکی مرۆییدا کۆڵەکەیەک لە کردەوەی سازگار و ئاشتیخواز پێک دەهێنێ کە لە رێگەی

کۆمەڵگادا دەگوازرێتەوە و لە سەرووی تاک جێگیر دەبێت، چونکە خەڵکیتر تێیدا بەشدارن و مانەوەی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ژیانی تاکدا نیە و چەندیەتی و چۆنیەتیەکەی ئەوەندە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی تاک سەرتر دەڕوات کە بەبێ هاوکاری کۆمەڵگا ناتوانرێت وەدەست بێت. زاراوەی فەرهەنگ بۆ ئەمجۆرە سیستەمانەی نەریتی کرداری کە توانستی گواستنەوەیان هەیە بەکاردەبرێت.

**کلاکن: ۱۹۵۱**

فەرهەنگ بە مانای چەند رووبەک لە ژینگەی دیار و نادیاری مرۆییە کە بە دەستی مرۆڤ خوڵقاون.

**ج – 2 . جەخت کردن لەسەر بیرۆکە**[144]

**وارد[145]: 1903**

فەرهەنگ بونیادێکی کۆمەڵایەتیە و ئۆرگانیزمێکی کۆمەڵایەتیە کە ناوکەکەی بریتییە لە بیرۆکە.

**ئوسگود[146]: 1940**

فەرهەنگ بریتیە لە هەموو ئەو بیرۆکانەی مرۆڤ کە بە زەینیدا دێت و لێی بەئاگایە.

**کلاکن و کلی:**

سەرجەمی هەموو بیرۆکەکان بۆ هەموو جۆرە رەفتارێکی وەکیەک.

### تایلۆر: 1948

مەبەستی من لە فەرهەنگ وەک چەمکێکی وەسفی[147]؛ هەموو ئەو بونیادە زەینی یان بیرۆکانەیە کە دوای لەدایکبوونی، تاک فێری دەبێت و دەیخولقێنێت. زاراوەی بیرۆکە[148]، ئاراستە[149] – ماناکان – هەست و سۆز – و بەزەیی- بایەخەکان – ئەرمانجەکا ن – خۆشەویستیەکان- زانست – و پێوەندیەکان دەگرێتەوە.

مەبەستی من لە فەرهەنگ وەک چەمکێکی راڤەگەرا[150]؛ هەموو ئەو بونیادە زەینیانەیە کە بۆ تێگەیشتن لە دونیای ئەزموونی ویست و ئارەزووە دەروونی و دەرەکی و کاردانەوە لە بەرامبەریدا بەکاردەبرێت ..... فەرهەنگ خۆی بریتیە لە بیرۆکە، نەك پرۆسەکان.

مەبەستی من لە فەرهەنگ وەک چەمکێکی جیاکەرەوە؛ سیستەمێکە لە تایبەتمەندیی فەرهەنگی کە لە مێژووەوە سەرچاوە دەگرن و هەندێکیان کەموزۆر جیاکەرەوە و پەیوەستن بە کۆیەک کە پێی دەگوترێ فەرهەنگ. تایبەتمەندییەک کە لە فەرهەنگەکانیتری جیادەکاتەوە ئەو شتانەن کە هەموو کەس یان کەسانێکی تایبەت لە یەک گرووپ یان کۆمەڵگە کەموزۆر لێی بەهرەمەندن.

### فۆرد، ١٩٤٢

دەتوانین بە کورتی فەرهەنگ وەک رەوتی بیرۆکەکان لەقەڵەم بدەین کە لە رێگای کردەوەی سیمبۆلیک، فێربوونی زمانی یان لاساییکردنەوەوە لە تاکێکەوە بە تاکێکیتر دەکات.

## ج – 3 ) جەخت کردن لەسەر سیمبۆلەکان[151]

### وایت: 1943

فەرهەنگ ڕێکخراوەیەکە لە دیاردەکا ن – بریتیە لە شتە ماددیەکان – کردارە جەستەییەکان – هەست و سۆز کە پەیوەست و تێکەڵاوە بە بەکارهێنانی سیمبۆلەکان.

### وایت: 1949

بابەت و چەمکی فەرهەنگی دیاردەکان بریتیە لە ئەو ڕووداوانەی کە پەیوەستن بە توانایی تایبەتی مرۆڤ؛ واتە بەکارهێنانی سیمبۆلەکان.

ئەم ڕووداوانە بریتین لە بیرۆکە – باوەڕەکان– زمان – ئامراز- هەست و سۆز – و ئەم دامودەزگایانەی کە شارستانییەت یان بە واتای ئەنترۆپۆلۆژی بە چاوپۆشی لە کات و جێگا یان ئەندازەی پێشکەوتن؛ فەرهەنگی هەر میللەتێکی دروست دەکات.

### وایت: 1949

.... فەرهەنگ ناوێکە بۆ ڕیز یان چینێک لە دیاردەکان؛ واتە ئەو شت و ڕووداوانەی کە بەندن بە بەکارهێنانی توانایی زەینی تایبەتیی مرۆڤ کە سیمبۆلگەری[152] پێدەگوترێ.

بە زمانێکی ڕاستتر فەرهەنگ بریتیە لە شتە ماددیەکان (ئامراز و کەرەستە) - زێڕ و زیو – تەلەسم و..... - کردەوەکان - بیروباوەڕ – و بۆچونەکان لە پانتاییەیەکدا کار دەکات کە تایبەتمەندییەکەی سیمبۆلگەریە.

ئەم پرۆسە تێکچڕژاوە، ڕێکخراوەیەکە لە ڕێوشوێن و ئامرازەکانی (دەرە جەستەیە) [153] کە جۆرێکی تایبەت لە زیندەوەر واتە مرۆڤ لە ڕەوڕەوەی ژیان و مانە وەدا بەکاریدەهێنێت.

**دیویس:**

.... فەرهەنگ هەموو شێوەکانی بیر و کردارە کە بە (کارتێکی پەیوەندیکاری) [154] سیمبۆلەکان لە جیاتی ژێنێتیکی بۆماوەیی دەست بە دەست دەگوازرێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو.

# فەرهەنگ لە روانگەی ئەنترۆپۆلۆژییەوە

## پێناسە جۆراوجۆرەکانی فەرهەنگ

پێناسەی کلاسیک و بەناوبانگی فەرهەنگ لە سەدەی نۆزدەهەمدا، مرۆڤناسی ئینگلیزی بە ناوی (ئیدوارد بارینت تایلۆر )[155] لە یەکەمین بەندی کتێبی فەرهەنگی سەرەتایی[156] لە ساڵی 1871دا کردویەتی.

فەرهەنگ.... کۆی تێکچڕژاوی زانست – دین – هونەر – یاسا – ئەخلاق – و هەر جۆرە توانا و رە وشتێکی کە ئادەمیزاد وەکوو ئەندامێک لە کۆمەڵگەی وەردەگرێت.

تایلۆر لە ئەنترۆپۆلۆژیا[157] (1881)دا روونی کردۆتەوە کە فەرهەنگ بە پێی ئەم پێناسەیە؛ تایبەتی مرۆڤە و ئەم پێناسەیە پەنجاساڵ خزمەتی بە مرۆڤناسی کردوە؛ بەڵام گەشەسەندنی زانستی مرۆڤناسی و لێکوڵینەوە سەبارەت بە ناوەرۆک و ماناکانی؛ پێناسەی‌تری جۆراوجۆری لە فەرهەنگ لێ پەیدابوو.

هەروەکو دوو مرۆڤناسی ئەمەریکی بە ناوەکانی "کروبیر" و "کلاکین" سە د و شەست و چوار پێناسەیان لە کتێبی خۆیاندا بە ناوی "فەرهەنگ؛ چاوپێداخشانەوەی رەخنەیی مانا و پێناسەکان[158] (1952) هێناوە.

پانتایی ئەم پیناسانە چەمکەکانی وەکوو "رەفتاری وەرگیراو" و "بیرۆکەی زەینی " و "میکانیزمی "[159] بەرگریی دەروونی " دەگرتەوە. بەڵام ئەم مانایە لە فەرهەنگ کە کروبیر و کلاکین وەکوو زۆرینەی مرۆڤناسەکان کە پەسەندیان کردوە ئەوەیە کە فەرهەنگ " مانایەکی ئەبستراکتە لە بینینی رەفتار".

وێنای فەرهەنگ وەکوو مانایەکی ئەبستراکت ئەم باسە دێنێتە گۆڕێ کە راستیەکەی چیە؟ چونکوو ئەگەر فەرهەنگ مانایەکی ئەبستراکت نەبێت دیارە هەبوونی راستەقینەی نیە و بەم پێیە مرۆڤناسی نابیۆلۆژیکی[160] " مەبەستێکی بەتاڵە؛ چونکوو ئەگەر شتێک لە دونیای دەرەوەدا بە شێوەی رووداوی راست و لە پێش چاودا نەبێت هیچ زانستێک لەم بارەیەوە پەیدا نابێت.

کروبیر و کلاکین گەیشتنە ئەم باوەڕە کە فەرهەنگ مانایەکی ئەبستراکتە و لە راستیدا فەرهەنگ شتێکی جیا لە کردەوە نیە و هەڵسەنگاندنی کردەوەش مەبەستی دەروونناسیە. بەڵام دەکرێ بپرسین مانای ئەبستراکتی رێوڕەسمی ژن هێنان چیە؟ کە ئەمەش کەموکووڕیەکە کە ئەم دوو لێکوڵەرەوە وەڵامیان نەداوەتەوە.

دەبێت بگوترێت کاتێک شتەکان و رووداوەکان لە پێوەندی لەگەڵ ئەندامی مرۆڤن؛ بە رەفتار دەژمێردرێت و کاتێک لە پێوەندی لەگەڵ یەکتر تەماشا دەکرێن؛ بە فەرهەنگ حیساب دەکرێت. هەروەکوو ترسی خەسوو کۆیەکی تێکەڵاوە[161] لە مانا و تێڕوانینەکان[162] و کردارەکان کە ئەگەر لە پێوەندی دەگەڵ ئەندامی ئادەمی بێت، کردەوە دەژمێردرێت؛ بەڵام ئەگەر ترسی خەسوو لە بری پێوەندی لەگەڵ منداڵدان دا بێت کە تازە ژن و مێردایەتیان دەست پێکردوە و هەروەها لە روانگەی بەشکردنی کارەکان نێوان رەگەزی نێر و مێ و

بەشی هەر کامیان لە شێوەی ئیدارەکردنی داهات و ژیانی کۆمەڵایەتی بێت ئەوا بە "فەرهەنگ " دەژمێردرێت.

جیاکردنەوەی ئەم دوو بەشە لە یەکتر کارێکە کە زمانناسەکان ساڵەها لەوە پێش کردوویانە. بەو مانایە کاتێک وشەکان لە پێوەندی لەگەڵ ئەندامی ئادەمی (واتە قسەکردن) تەماشا بکرێن، کردەوە دەژمێردرێن؛ بەڵام ئەگەر لە بواری پێوەندیی نێوان وشەکانەوە چاولێبکریت (واتە وشەکان و ڕێزمان و ....) ئیتر ئەوە باسی دەروونناسی نیە، بەڵکوو باسی زمانناسیە. بەمشێوەیە؛ فەرهەنگ ناوێکە بۆ ریزێک لە شت و ڕووداوەکان کە بنەمای هەبوونیان بە بەکاربردنی سیمبۆلەکانەوە بەستراوەتەوە.

## فەرهەنگ و زەینی مرۆڤ

بەو مانایەی کە باسی لێکرا فەرهەنگ؛ توانایی تایبەتیی مرۆڤە. ساڵەهایە کە ئەم باسە لە گۆڕێیە کە ئایا جیاوازیی زەینی مرۆڤ لە گەڵ زیندەوەرانی خواروتر، جیاوازییەکی جۆری یان پلەییە.

زۆر لە پسپۆڕانی بەناوبانگ لایەنگری ئەم بڕوایەن؛ بەڵام ئەو کەسانەی کە جیاوازیەکەی بە جیاوازییەکی پلەیی نازانن تا ئێستا نەیانتوانیوە بیسەپێنن کە زیندەوەرانی نامرۆیی دەتوانن هەمان کردەوەیان هەبێت کە مرۆڤەکان لە خۆیانی نیشان دەدەن. بۆ ئەم کردەوە تایبەتەی کرداری ئادەمی زۆر نموونە هەیە وەکوو: یادەوەری ڕۆژە دەستنیشانکراوەکان و پیرۆز ڕاگرتنیا ن — پلەی خزمایەتی و ناسینی هەر پلەیەکی خزمایەتی لە پلەکانیتر (وەکوو خاڵ لە خاڵۆزا) - قەدەغەکردنی زینا لە گەڵ حەرامکراوەکان و .... هیچ بەڵگەیەک لە دەستدا نیە کە جگە لە مرۆڤ هیچ زیندەوەرێک بتوانێت کە ئەو مانا و کردارانە تێبگات. هەروەکوو تایلۆر لە پێشوودا دەڵێت: "کەلێنی

زەینی خواررووترین زیندەوەری کێوی لە باڵاترین و پێشکەوتووترین مەیموون جیا دەکاتەوە". هاوڕێ دەگەڵ جیاکردنەوەی مرۆڤ لە گیانلەبەرانیتر، دەکرێت ڕەفتاری مرۆڤ بەکردەوەیەک پێناسە بکرێت کە لە سەر بنەمای سیمبۆلێزمە و یان تێکەڵاوێکە لە سیمبۆلیسم[163]. هەڵبەت پشمین – باوێشک هاتن – خوارەپێچە ڕۆیشتن – کردەوەی مرۆیی نیە، بەڵکوو کارادانەوەی کردەوەی بیۆلۆژیکین. ئێمە سەبارەت بە ریشەی شادەماری و مێشکی سیمبۆلێزم چ نازانین. مرۆڤ مێشکێکی زۆر گەورەی هەیە. دەزانین کە دەزگای شادەمارەکان بە تایبەتی مێشک سەنتەر و ناوەندی توانایی مرۆڤ بۆ سیمبۆلسازیە. بەڵام چۆنیەتی ئەم میکانیزمە تا ئێستا نادیارە. بەڵام دەکرێت بگوترێت کە گیانلەبەرانی سەرەتایی[164] لە پلەیەک لە بەرەوپێش چووندا لە چەند روویەکەوە توانایی سیمبۆلسازیان پەیداکردوە کە ئێمە ئەمڕۆ لە کردەوەیاندا بە ئاشکرا دەیبینین. لە رووی بەڵگە و ژێرخانناسیەوە لە نێوان سیمبۆلیزم و پلەی پێش ئەو واتە کاتێکی کە سیمبۆلیزم لەگۆڕێدا نەبوو پلەی ناوەندیش نەبوو. تاک یان جۆرێک زیندەوەر توانیویەتی سیمبۆلسازی بکات یان نەیتوانیوە؛ کە ژیانی هێلن کلێر ئەم مەبەستە زیاتر روونی دەکاتەوە. کوێری و کەڕی هۆکاری جیابونەوەی لە دونیای مرۆڤەکان بوو؛ توانی بە هاوکاری مامۆستاکەی لەم جیابوونەوهیەگاری بێت و لە گەڵ دونیای مانا و بایەخەکانی مرۆڤ پێوەندی دابمەزرێنێت و ئەم رووداوەش لەپڕدا هاتە پێشەوە.

## پەرەسەندنی زەین

ئەگەرچی لە پرۆسەی سیمبۆلسازی مێشک چ نازانین و سەبارەت بە چۆنیەتی پەرەسەندنی زەین یان (بەکارهێنانی بیر) [165]، کە زەین بە پرۆسەیەک بزانین؛ تایبەتمەندییەکانی سیمبۆلسازی دەگەڕێتەوە بۆ پلەیەکی تایبەت لە بەرەوپێشچوونی زەین. بەرەوپێشچوونی زەین لە چوار قۆناغ دایە:
یەکەم پلەی رنگدانەوەی ئاسایی کە تایبەتمەندییە دەروونیەکانی ئۆرگانیزم و شێوەی هەبوونی فاکتەری دەستنیشانکردنی کردارە و شتێکە کە ئۆرگانیزم لە بەرامبەریاندا کارادانەوەی هەیە؛ بۆ نموونە تەنگ بوونەوەی رەشکێنەی چاو لە بەرامبەر تیشکی زۆردا.

دووهەم: رەنگدانەوەی مەرجی کە وەڵامەکان بە پێی شێوەی هەبوونی هاندەرەکان نییە، بەڵکوو بە پێی ئەم مانایە دەستنیشان دەکرێت کە ئۆرگانیزمی وەڵامدەرەوە لە رێگای ئەزموونەوە بۆ هاندەر دەینوێنێ. بۆ نموونە وەڵامدانەوەی پۆرگی زمانی سەگی پاولۆف بە دەنگی زەنگ.

سێهەم: پلەی ئامرازیە کە نموونەکەی شەمپانزەیەکە بە دار مۆزی لە درەخت دەکاتەوە. لەم پلەیەدا ئەو شتەی کە وەڵامەکە دەستنیشان دەکات تایبەتمەندی دەروونی شتەکەیە کە لەم کارەدا کەڵکیان لێوەردەگیرێت، وەکوو (مۆز – دار - دەزگای دەماری – حیسی – ماسوولکەیی شەمپانزە. بەڵام لەم پلەیەدا رەگەزێکی (فاکتەرێکی) تازە لە کردەوەدا بەکارهاتووە کە ئەویش چاوەدێری ئۆرگانیکە کارامەکەیە لە سەر شتە لاوەکیەکاندا.

پلەی چوارەم، پلەی سیمبۆلەکە لە قەوارەی کرداری[165]دا دژی ئەم شتانەی کە تا ئێستا گوتراون، ئەم مانایانە دەگرێتەوە کە پێوەندی بە تایبەتمەندیی دەروونی شتەکانەوە نیە. ئەم چوار پلەیە نوێنەری چۆنیەتی

پەرەسەندنی هەموو گیانلەبەرانن: واتە پەرەسەندنی هێمنانەتر و راوەستاوترکردنی ژیان. لە پلەی یەکەمدا ئۆرگانیزم لە مابەینی ئەو شتانەی سوودبەخشن و زیانبەخشن جیاوازی دادەنێت؛ بەڵام بۆ جێبەجێبوونی ئەم کارەش دەبێت پێوەندیی راستەوخۆی لەگەڵ پرسەکە هەبێت.

لە پلەی دووهەمدا لەوانەیە ئۆرگانیزم لە مەودایەکی دوور ڕا لە ڕێگای هاندەری ناوەندی رەنگدانەوەی لە خۆی نیشان بدات.

رەنگدانەوەی مەرجی نیشانەکان دەهێنێتە ناو پرۆسەی ژیان. واتە هەر شتێک یان رووداوێک نیشانەی شتێکیتر بێت وەکوو خۆراک – مەترسی – ... و لە گەڵ ئەوەشدا هەر شتێک دەتوانێت نیشانەی شتێکیتر بێت (وەک ئەوەی کە شتێکی کەسێکی سێگۆشە دەتوانێت بۆ مشکی ناو تاقیگە نیشانەی خۆراک یان تەکانی ئەلکتریک بێت).

لەم پلەیەدا کارادانەوەی ئۆرگانیزم لە گرێبەندێکی کە پلەی یەکەم بۆ گیانلەبەرانی هەبوو رزگار دەبێت یانی لە تایبەتمەندیی دەروونی شتەکان رزگار دەبێت. بەمجۆرە لە پلەی دووهەمدا توانای دووربوونەوە لە شتە ناخۆشەکان و نزیک بوونەوە لە هێمنی و دەوامی ژیان زیاتر دەبێت. لە پلەی دووهەمدا ئێستاش ئۆرگانیزم گیرۆدەی دونیای دەرەوەیە و ناتوانێت لە دیاریکردنی مانای هاندەری ناوەندی کاریگەری هەبێت: وەکوو وەڕینی لە دوورەوەی سەگ بە کەروێشک یان دەنگی زەنگوڵە بۆ سەگەکانی پاولۆف هاندەرێکن کە مانایەکی تایبەتیان هەیە کە ئەم گیانلەبەرانە لە دیاریکردنیاندا کاریگەریان نیە. شتەکان و رووداوەکانی دونیای دەرەوە ئەم مانایانە دەستنیشان دەکەن یان (تا قیکار لە تاقیگەدا). لە بەر ئەوە لە پلەی یەکەم و دووهەمدا ئۆرگانیزم لە بەردەستی فاکتەرە دەرەکییەکان دان.

بەڵام لە پلەی سێهەمدا توخمی دەستکاریی ژینگە دێتە مەیدانەوە. مەیموون کە خۆراکی لە ڕێگەی دارەوە وەدەست دەهێنێت بە بارودۆخەکەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکوو بە سەر بارودۆخەکەدا زاڵ دەبێت.

کردەوەکەی بە ریزبەندیی شتەکان و ڕووداوەکانەوە بەند نیە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە مەیموونەکەیە کە بارودۆخی شتەکان و ڕووداوەکان لە پێوەندی لەگەڵ یەکتردا دەستنیشان دەکا و چەند ئەلترناتیڤی[(166)] لە بەردەست دایە و لە نێوانیاندا یەکێکیان هەڵدەبژێرێ. لە پلەی سێهەمدا ئۆرگانیزمی زیندووی مەیموون قەوارەیەکی کرداری وەدیدەهێنێت و پاشان بە سەر دونیای دەرەوەدا دەیسەپێنێت.

پرۆسەی پەرەسەندنی زەین (بەکارهێنانی بیر و کەڵەکە کردنی)[(167)]؛ واتە بەرهەمی هەر پلەیەک بۆ پلەیەکیتر دەچێت و لە سەر یەک کەڵەکە دەبێت. لە پلەی چوارەمدا توخمی مانا نەبووەکان بەو شتانەی کە لە پلەی دووهەم و سێهەمدا وەدەست هاتوون پێوەی زیاد دەبێت.

پلەی چوارەم پلەی سیمبۆلیزم و پلەی وەڵام دانەوەیە؛ بەمجۆرە دوو شێوە تێڕوانین لە بەرەوپێشچوونی زەین وەدیدێ؛ یەکەمیان ڕزگاربوونی کردەوە لە ئەم گرێبەندانەی کە دونیای دەرەکی بە سەریدا سەپاندوون و دووهەم زاڵبوون و دەستکاری زیاترە لە ژینگەدا.

ڕووی پەرەسەندنی بیۆلۆژیک لە گەشەکردنی زیاتر و هێمنکردنی ژیانە کە دەکرێت لە ڕوانگەیەکیترەوە تەماشا بکرێت: تێپەڕین لە پلەی ڕەفتاری نائیرادی (واتە ئەم وەڵامانەی کە ڕەوشتی هەبوونی بیۆلۆژیک دەستنیشانیان دەکات) وە بۆ ڕەفتاری وەرگیراوی هەڵبژێردراوی ئازاد کە نموونەکانی دەتوانن لە کەسێک یان نەوەیەکەوە بۆ کەسێک یان نەوەیەکیتر بگوازرێتەوە و

سەرەنجامەکەی گەیشتنە بە شتەکان و ڕووداوەکان کە مانایان هەیە و لە ڕێگەی هەستەوە وەرناگیرێن. ئەم سیستەمە فەرهەنگە، و جۆرەکەشی جۆری مرۆڤە. فەرهەنگی ژینگەیەک دروستکراوی دەستی مرۆڤە و هێز و توانای سیمبۆلیزم دروستی کردوە. ئەو کاتەی کە فەرهەنگ دروست بوو ژیانی تایبەتی دەست پێدەکا و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی‌تر دەچێت. فەرهەنگ لە هەوەڵی ژیانی خۆیدا لە یەک ملێون ساڵ لەمەوبەر بە زمان — باوەڕ — ئامرازە کان — یاسا و .... هەبووە و لە ژیانی ئەم کەسانەی کە هۆکاری گوازتنەوەی بوون جیابۆوە.

کۆمەڵگە لە سەرووی فەرهەنگە؛ کۆمەڵگە یان بە کردەوەی دەروونی[168] گیانلەبەران لێکداوەتەوە. باپیرانی مرۆڤ لە ناو گیانلەبەراندا کۆمەڵگایان هەبووە و بەڵام فەرهەنگیان نەبووە. پێداچونەوە تازەکان سەبارەت بە مەیموونەکان؛ زانستی مرۆڤیان لە سەر ژیانی کۆمەلایەتی و کۆمەڵگای سەرەتایی مرۆڤ زۆر زیاد کردوە.

زا نیاریەکانی کە دەربارەی ژیانی بەرایی[169] باپیرانی نامرۆیی کە لە ڕێگەی شارەزایانی شوێنەوارناسی وەدەست کەوتوون یەکجار زۆرن و (بۆچونەکانی ) بە وردەکاری جۆراوجۆرەوە دروست کردوە. بە کورتی هاندەری بەرەوپێشچوونی زەینی یەکەمین نامرۆییەکان؛ ژیانی لە سەر داری بووە؛ بە تایبەتی هاوکاریی نێوان دەست و چاو؛ بەرهەمی چڵاوچڵکردنی لقی داران بۆ وەدەستهێنانی خۆراک بووە (هەروەکوو لە ناو لێموری قالۆنچەخۆردا دەبێندرێ ). لە ئاکامی فەوتانی جەنگەڵ و دارستان و پە روار بوونیان و قورس بوونیان کە ڕێگر بوو لە بازبازێن و خۆ هەڵداشتنیان لە سەر داری بۆ وەدەستهێنانی خۆراک و بژیو و باڵا ڕاستکردنەوە یان پرۆسەیەکی زۆر گرینگ بوو بۆ پەرەسەندنی بیۆلۆژیکی و پەیدابوونی فەرهەنگ.

بەشێک لە بۆچوونەکان هەبوونی ژیانی ئادەمیزاد لە سەر چڵی درەخت ڕەت دەکەنەوە. هەرچەندە کە ئەم بیروبۆچوونە زیا ن بە مانای گشتی پەرەسەندنی مرۆڤ ناگەیەنێت.

باڵاراستکردنەوە بوو بە هۆی ڕەهابوونی دەست و بوو بە هۆکاری ئەوەی کە بۆ بەکارهێنانی کەرەستە و ئامرازی جۆراوجۆرەوە کەڵکیان لێوەرگیرێت. هاوکاریی نێوان چاو و دەست بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکان بوو بە هۆی سەرەکی بەرەوپێشچوونی زەین بە تایبەتی بە مێشکی دوایی. بە پێی بەڵگە شوێنەوارناسییەکان ناتوانین دەستنیشانی بکەین کە لە کوێڕا دەقاودەق توانایی سیمبۆلیزم بەتایبەتی قسە کردن پەیدابوو و لە کردەوەدا خۆی نیشان دا.

هاتنی سیمبۆلیزم بۆ ناو ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤە بەراییەکان شۆڕشێک بوو کە هەموو شتێک ئاڵوگۆڕی بەسەرداهات و هەر شتەو مانایەکی تازەی پەیداکرد.

سیمبۆلیزم ژیانی بەراییەکانی بۆ گۆڕەپانی[170] تازە برد کە مەیدانی مرۆیی بوو ئیدی تەور تەنها ئامرازی قەڵاشتن نەبوو؛ بەڵکوو بوو بە سیمبۆلێکی هێز و تاقەت و غللۆری. تێبەردان بوو بە ژن و مێردایەتی و هەموو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوانی خۆشک و برا بە پێوەری ئەخلاق — ئەرک — ماف — و بەرژەوەندییەکان هەڵسەنگێندرا. جیهانی سرووشت و ژینگە لە بەردەوە تا ئەستێرەکان روحیان وەبەر هات و هەموو زیندووبوونەوە تا ئەو جێگایەی کە ئانتروپۆیدەکا ن[171] (شێوە ئینسانەکان) بوونە مرۆڤ.

## له کاردانەوەی ئاژەڵیەوە بۆ وەڵامدانەوەی مرۆیی

حاشاهەڵنەگرە کە بیر و کردەوەی سیمبۆلی روونترین رووی ژیانی ئادەمیزادە و گەشەی فەرهەنگیی مرۆڤ لە سەر ئەم بنەمایە دامەزراوە. بەڵام ئایا ڕەوایە کە ئەم دەستکەوتانە بە بەرهەمی تایبەتیی مرۆڤ بزانین و هەموو گیانلەبەرانی ئۆرگانیکیتر هەڵاوێرین؟ ئایا ناکرێت پێداچوونەوەیەکی قووڵ و فراوان لەسەر پانتایی کارپێکردنی سیمبۆلەکان لە ناو گیانلەبەراندا بکرێت؟ زانستپەروەران هەولیان داوە کە سیمبۆلیزم لەگەڵ راستیەکانیتر پێکەوە ببەستن تا بنجوبناوانی لە ناو شێوەکانی ساکاری ژیاندا بدۆزنەوە. بەڵام ئەم پرسیارانە پەیوەستن بە پانتاییەکیتری باسەکەوە کە بە هەڵە تێکەڵاوی بوون و لەم رووەوە باسەکە کەوتۆتە شەڕ و لێکولێنەوە لە نێوان ماتریالیسم[172] (ماددەباوەڕی) و ئایدیالیزم[173] و سپریچوالیسم[174] (روحانیەتباوەڕی) و ناتۆرالیزم[175] سرووشتباوەڕی (ژینگەپارێزی).

ئایا چۆن دەتوانین رەفتاری سیمبۆلیکیی مرۆڤ لە رەفتاری سیمبۆلیکی زیندەوەران جیا بکەینەوە و دروشمی هەر کامیان دیار بێت؟

جێگەی باس و خواس نیە کە زیندەوەران لە بەرامبەر هاندەردا کاردانەوەی راستە و خۆیان نیە. تاقیکردنەوە بەناوبانگەکانی پاڤلۆف لەم بوارەدا دوکۆمێنتی ئەزموونی زۆری داوەتەدەستەوە. یەکێک لەم تاقیکاریە لەبەر چاوانە دەربارەی مەیموونە نیمچە مرۆییەکان کە کارتێکردنی "پاداشتی دەستنیشانکراو" پیشان دەدات بەو مانایە کە ئەم زیندەوەرە فێربووە بە نیشانەکانی جێگری خۆراک وەڵام بداتەوە هەروەکوو چۆن بە نیشانەی خۆراک وەڵام دەداتەوە. بەرەنجامی ئەم تاقیکاریە جۆراوجۆرانە لە درێژخایەندا نیشانی دا کە پرۆسەی سیمبۆلیزم لە کردەوەی مەیموونەکانی بە شێوە ئینسانیش روودەدات. بەڵام بەشێک پێیانوایە

کە ئەم شێوە کردارە دەگمەنەی زیندەوەران ناتوانرێ بە زەمینەی وەدیهاتنی پرۆسەی سیمبۆلیک لە کردەوەی مرۆڤ بژمێردرێ.

بۆ روونتربوونەوەی ئەم گوتەیە دەبێت لە نێوان نیشانە[176] و سیمبۆلدا بە سەرنجەوە جیاوازی دابندرێت.

راستیەکی حاشاهەڵنەگرە کە کەمۆزۆر لە ناو سیستەمەکانی ئاڵۆزی نیشانە و سیمبۆل لە کردەوەی زیندەوەراندا دەبینین. دەکرێت بڵێین بەشێک لە زیندەوەران بە تایبەتی دەستەمۆکراوەکان (رام کراوەکان) لە بەرامبەر نیشانەکاندا زۆر وریان[177]. سەگ لە بەرامبەر بچووکترین ئاڵوگۆڕی خاوەنەکەیدا کاردانەوە لە خۆ نیشان دەدا و دەتوانێت گۆڕانی روخسار و بڵیند و نەوی بوونی دەنگی مرۆڤ بناسێتەوە. ئەم رووداوە لە گەڵ لێحالێبوونی قسەی مرۆیی و سیمبۆلیک زۆر لێک‌دوورن. تاقیکاریەکانی پاڤلۆف نیشانیاندا کە نە تەنیا زیندەوەران دەتوانن بەئاسانی بۆ نیشاندانی کاردانەوە لە بەرامبەر هاندەرەکانی راستەوخۆ (هۆیەکانی راستەوخۆ) بەڵکو لە بەرامبەر هەر جۆرە هاندەرێکی بە نێوبژ یان نیشانەکراو پەروەردە بکرێت. بۆ نموونە دەنگی زەنگوڵە دەتوانێت نیشانەی کاتی خواردن بێت و دەکرێت زیندەوەر وا پەروەردە بکرێت کە بە بێ دەنگی زەنگوڵەش بۆ لای خۆراک بچێت.

بەڵام تە واوی ئەم رووداوانە کە رەنگدانەوەی مەرجی ناو دەنرێت نە تەنیا لە تایبەتمەندیی سەرەکی بیری سیمبۆلی لە مرۆڤدا زۆر دوورن، بەڵکوو لە بەرامبەریدا راوەستاوە. سیمبۆل بە مانای راست و دروستی وشەکە ناکرێت بە نیشانە بژمێردرێ.

نیشانە و سیمبۆل لە دوو دونیای جیاوازن: نیشانە بەشێک لە جیهانی فیزیکیە؛ بەڵام سیمبۆل بەشێکە لە جیهانی مرۆیی ماناکان.

به لەبەرچاوگرتنی ئەم جیاوازیانەوە دەتوانین پرسەکان لێکدەینەوە کە کێشەی زۆری لەسەر هەیە.

پرسی هۆشی زیندەوەران یەکێک لە مەتەڵۆکە هەرە گەورەکانی مرۆڤناسی فەلسەفی بووە و بۆ وەڵامدەنەوەی هەوڵێکی زۆری بۆ دراوە، بەڵام نادیاری و تاریکی مانای هۆش بەربەستێکە لە بۆ گەیشتن بە وەڵامێکی روون. پەیرەوانی میتافیزیک و زاناکان و سرووشتناسان و یەزداننناسان (نیئو لۆگ) هۆشیان بە مانای جۆراوجۆر و دژ بە یەک بەکارهێناوە.

هەندێ لە دەروونناسان و بایۆ – دەروونناسان لە قسە کردن سەبارەت بە هۆشی زیندەوەران بە ئاسانی خۆیان پاراستوە و لەناو هەموو کردەوەی زیندەوەراندا جگە لە یاری دەزگایەکی ئۆتۆماتیک چیتریان نەدیوە.

بەڵام بەدواداچوونی دوایی زۆر شتی دەرخستوە. سەلمێندراوە کە زیندەوەری پێشکەوتووتر زۆر پرسی ئاستەم دەتوانن چارەسەر بکەن کە ئەم کارە بە شێوەی میکانیکی نیە و بەڵکوو لە رێگەی تاقی کردنەوە و هەڵە[178] (آزمون و لغزش) ئەنجام دەدرێت.

ئەگەر مەبەست لە هۆش گونجاو لەگەڵ ژینگە یان گۆڕینی ژینگە بۆ گونجاندن بێت، بێگومان دەبێت پێمانوابێت کە زیندەوەران هۆشێکی پێشکەوتوویان هەیە. هەروەها دەبێ پەسەند بکرێت کە ویست و داخوازی هەموو زیندەوەران یەک هاندەری کاتی نیە. زیندەوەر دەتوانێت هەموو جۆرە کاردانەوەیەکی ئاڵۆز و بادراو لە خۆی نیشان بدات. دەتوانێت بۆ بەرژەوەندیی خۆی کەرەستە بەکاربێنێ یان تەنانەت داهێنانیش بکات. لەم روانگەیەوە بەشێک لە دەروونناسانیش شکیان نەماوە کە زیندەوەرانیش خەیاڵی داهێنەر و سازندەیان هەیە. بەڵام ئەم هۆش و خەیاڵە لە جۆری هۆشی مرۆیی نییە. بە کورتی

دەتوانین بڵێین کە زیندەوەران هۆشی کرداریان هەیە. بەڵام مرۆڤ جۆرێکی تازەی خوڵقاندوە کە ئەویش **خەیاڵ و هۆشی سیمبۆلیکە.**

سیمبۆلگەری بە هەموو بەرفراوانی بەکاربردنی گشتی ئامرازێکی جادوویی‌یە کە ڕێگەی گەیشتن بە فەرهەنگ دەکاتەوە. هەر کاتێک مرۆڤ ئەم کلیلە سێحرییەی وەدەست هێنایەوە پێشکەوتنی زیاتری مسۆگەر کردوە و هیچ کەموکووڕیەکی هەستەکی ناتوانێت بەرگری لەم پێشکەوتنە بکات.

هیلن کلێر گەیشتە ئاستێکی بەرزی زەینی و ئەقڵی و فەرهەنگی کە بە شێوەیەکی ئاشکرا و حاشاهەڵنەگر نیشانی دا کە مرۆڤ بۆ دروستکردنی جیهانی مرۆیی بە توانایی هەستەکی خۆیەوە بەند نییە.

ئەگەر بیروڕای هەستگەرایی ڕاست بوونایە دەبوایە هەموو فکر و خەیاڵەکان کاردانەوەی لاوازی کارتێکردنی هەستەکی بان؛ لەم حاڵەدا بارودۆخی منداڵێکی کەڕ و لاڵ ناهومیدیمان دەخاتە دڵەوە چونکوو ئەم جۆرە کەسانە لە سەرچاوەی مەعریفەی مرۆیی بێبەش دەبن. پێداچوونەوەی رابردووی هیلن کلێر لە نووسراوەکانی خۆیدا نیشان دەدات کە ئەم فکر و خەیاڵە ڕاست نییە و تێدەگەین بۆ ڕاست نییە.

فەرهەنگی مرۆیی تایبەتمەندییەکانی خۆی و بایەخە ئاکاری (ئەخلاقی) و ئەقڵییەکانی لە مادده پێکهێنەرەکەی وەرناگرێت، بەڵکوو لە شێوە و سازبوونی وەردگرێت. ئەم شێوەیە دەتوانێت لەسەر هەموو ماددەیەکی هەستەکی شوێندانەر بێت. زمانی (قسە کردن) لە باری تەکنیکیەوە لە زمانی تایبەتی کۆیران لەسەرترە؛ بەڵام کەموکووڕی تەکنیکی زمانی دووهەم ڕێگر نییە لە گەیشتن بە دونیای ماناکان. ئەگەر لە بری زمانی قسە کردن زمانی کۆیران بە شێوەی پیتی بەرجەستە بەکاربێنین، بەرگری لە بەرەوپێش چوونی ئازادانەی بیر و فیکری سیمبۆلی ناکات. گرینگ ئەوەیە کە منداڵ مانای زمانی مرۆیی

تێبگات و زۆر گرینگ نییە کە ئەم مانایە لە ڕێگەی چ ماددەیەکی هەستەکییەوە بۆی پەیدابووە؛ واتە جیاوازییەکی نییە کە وەرگرتنی هەستەکی لە ڕێگەی چاو یان قامکەکانەوە بێت. هەروەکوو پرۆسەی "هیلن کلێر" نیشانی دا کە مرۆڤ دەتوانێت جیهانی سیمبۆلی خۆی لە گەڵ خواروترین ماددە هەستەکیەکان دروست بکات.

تاکتاکی ماددە هەستەکییەکان لەبەرچاو نیە، بەڵکو گرینگ ئەوەیە کە کۆی هەموویان کردەوەیەکی هەمەلایەنەی لێ‌دروست دەبێت. لە پانتایی زماندا کردەوەی سیمبۆلی و هەمەلایەنەی نیشانەکانە کە خۆڵقینەرە و بە قسە دێن.

ئەگەر خۆڵقاندنی دەنگەکانی زمان نەبوایە جیهانی مرۆیی کەڕ و لاڵ دەبوو. لە سەر ئەم بنەمایە جیهانی منداڵێکی کەڕ و کوێر و لاڵ دەتوانێت زۆر پا ن و بەرین بێت و لە ژیانی پێشکەوتووترین زیندەوەر زۆر خۆشتر بێت.

لەبەر ئەوەی لە جیهانی مرۆییدا هەر شتێک ناوێکی هەیە، بەکاربردنی نیشانەکان لە هەموو بوارەکاندا یەکێکە لە گەورەترین سەروەریی سیمبۆلی مرۆیی. بەڵام ئەمە تەنها سەروەریشی نییە. سیمبۆلەکان تایبەتمەندی‌تریشیان هەیە کە لەگەڵیانە و بەوانیشەوە کامڵ‌تر دەبن و پێکەوە پێوەندیەکی ناچاریان هەیە.

سیمبۆل نە تەنیا گشتییە، بەڵکوو ئاڵوگۆڕی زۆریشیان بەسەردادێ. یەک مانا بە زمانەکانی جۆراوجۆرە دەگوترێت و تەنانەت لە یەک زمانیشدا یەک مانا بە چەند جۆر بەیان دەکرێ. نیشانە لەگەڵ پاشکۆیەکەی پێوەندیەکی راوەستاو و تاقانەی هەیە. هەر نیشانەیەک بەڵگەی شتێکی دەستنیشانکراو نیشان دەدات. لە تاقیکاریەکانی پاڤلۆڤدا سەگەکانی بە ئاسانی پەروەردە دەکران بۆ ئەوەی کە بە نیشاندانی نیشانەیەک بۆ لای خۆراک بچن.

ئەم سەگانە بەبێ گوێ لێبوون لە دەنگی زەنگوڵە کە بە دەستی تاقیکار لێدەدرا چیان نەدەخوارد. رەوشتی سیمبۆلی رەسەنی مرۆیی تەنها ړوویەکی

نییە، بەڵکوو چەند رووی هەیە. سیمبۆلی مرۆیی ویشک و سەخت نییە، بەڵکوو زیندوویە و بەرەوپێش دەچێت. بۆ مرۆیی سەرەتایی سیمبۆلێ ناوی هەر شتێک هێمایە بۆ یەکێک لە رەوشتەکانی بۆ نموونە تایبەتمەندییە ماددیەکان.

لە بیر و باوەڕی ئەفسانەیی‌دا ناوی هەر خوایەک بەشێکی جیانەکراوەیە لە جەوهەری خوایەکە. ئەگەر خودا بە ناوە ئەسڵیەکەی هاوار نەکرێت؛ دۆعا و پاڕانەوەکە قبووڵ نابێت. کردەوە سیمبۆلییەکانیشیان هەر بەم شێوەیە بووە. رەوشتە ئایینیەکان و قوربانی کردن دەبێت بە هەمان شێوەی نەگۆڕاو و بە هەمان ریزبەندی ئەنجام بدرێت دەنا بەتاڵن و کارێ ناکەن. ژیانی مرۆڤ بە بێ سیمبۆلیزم وەکوو زیندانیەکانی ئەشکەوتی ناو داستانی بەناوبانگی ئەفلاتوونە. بە بێ سیمبۆلیزم ژیانی مرۆڤ لە چوارچێوەی پێداویستیەکانی بێولۆژیک دایە: مرۆڤ بە بێ سیمبۆلیزم ناتوانێت بگاتە دونیای ئایدیالی (جیها ن ئارمانی) کە لە هەموو روویەکەوە دەرگای دین و فەلسەفە و زانستی بە رووی دا دەکاتەوە.

پێناسەی ئەرەستوو بۆ مرۆڤ بە ناوی "ئاژەڵی کۆمەڵایەتی" زۆر تە واو نییە. بەو مانایە کە کۆمەڵایەتی بوون تەنها تایبەتمەندی و سەروەری بۆ مرۆڤ نییە چونکوو لە ناو هەنگ و مێروولەکاندا رێکخراوی کۆمەڵایەتی سەرسووڕهێنەر و بەش بەشکردنی کارەکان دەبینین. بە پێچە وانەی ئاژەڵ لە ناو مرۆڤەکاندا نە تەنیا کۆمەڵەی کردەوە بەڵکوو کۆمەڵگەی بیر و هەستیش دەبینین. زمان — ئەفسانە — دین — و زانست فاکتەر و خاڵە گرینگەکانی سازبوونی ئەم شێوە پێشکەوتووەی کۆمەڵگەن. کەرەستەیەکن بۆ یاریدەدەری شێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی لە پانتایی ژینگەی ئۆرگانیک‌دا کە بە پلەیەکی تازەی زانستی بەرەوپێش‌چوونی کۆمەلایەتی گەیشتوون.

له ڕێگەی ژیانی کۆمەڵایەتیەوە تاک خۆی دەناسێت کە هێزێکی چارەنووس‌سازی دەرەکیە. مرۆڤ وەکوو زیندەوەران لە بەرامبەر یاسا کۆمەڵایەتیەکان بەردەستە و چی پێناکرێ. بەڵام لە خۆڵقاندن و ئاڵوگۆڕ کردنی ژیانی کۆمەڵایەتی توانایەکی زۆر کاریگەری هەیە. لە ژیانی کۆمەڵە سەرەتاییەکاندا ئەم توانا کاریگەرە کەمتر دەبیندرێ و بەڵام هەرچی بەرەوپێشەوە دێت رووی ئاشکراتر دەبێت و ئەم پرۆسە کامڵ‌بوونە لەسەرەخۆیە لە هەموو شێوەکانی "فەرهەنگ"ی مرۆڤدا دەبیندرێت.

ئاشکرایە کە زۆر کاری زیندەوەران لە کۆمەڵگەی ئاژەڵیدا لە گەڵ کاری مرۆڤ هاوسەنگە و بەڵکوو زیاتریشە. زۆر باس کراوە کە هەنگ لە سازکردنی شانەکەیدا لە سەرخۆیە و وەکوو کارناسێکی شارەزا زۆر بە سەرنجەوە کار دەکات. ئەم کردەوەیە سیستەمێکی زۆر ئاڵۆزە لە هاوکاری و یەکگرتوویی کە لە ناویاندا هیچ  جیاوازیەکی تاکی نابێندرێ.  شانەکە هەمووی بە یەک شێوە و لە رووی یاسا و بنەڕەتێکی نەگۆڕاوی یەکسان دروست دەکرێت و جێگایەک بۆ خۆنیشاندانی توانای تاک نامێنێتەوە. لە پلەکانی پێشکەوتووی ژیانی ئاژەڵیدایە کە هەوەڵین نیشانەی توانای تاک بەدی دەکرێت. بینین و بەدواداچوونی وولفانگ کوهلێر سەلماندوویەتی کە مەیموونە شێوەمرۆڤەکان لە باری هۆش و کارامەیی پێکەوە جیاوازییان هەیە. لەوانەیە یەکێکیان بتوانێت کارێکی ئەنجام بدات کە ئەویتر ناتوانێت و لێرەدایە  کە دەبێت لە خولڨاندن و داهێنانی تاک قسە بکرێت. بەڵام ئەم داهێنان و بەرهەمانەی تاک شێوەی میراتی کۆمەڵایەتی بەخۆوە ناگرن و لە گۆڕینی شێوە و بەرەوپێش‌چوونی دەستکردی ژیانی کۆمەڵایەتی کاریگەر نین؛ چونکوو پرۆسەی دەستکردی ژیانی کۆمەڵایەتی ئاژەڵی لە چوارچێوەی یاسای تایبەتیی خۆی دایە و تاک بەتەواوەتی پەیڕەوی لێدەکات.

هەر بەرەوپێشچوونێک کە زیندەوەری کۆمەڵایەتی لە پانتایی ژیانی زیندەوەری‌دا لە ڕەورەوەی ژیانی تاکی‌دا وەدەستی بهێنێ بە ژیانی خۆیەوە بەستراوەتەوە و کاریگەری لەسەر ژیانی ئەوانی‌تر نییە.

بەڵام مرۆڤ شێوەیەکی تازەی بۆ بەردەوامی بەخشین و بڵاو کردنەوەی کارەکانی خۆی دۆزیوەتەوە. مرۆڤ ناتوانێت بە بێ باس کردنی ژیان و ئەزموونەکانی، ژیان بباتە سەر. شێوەی جۆراوجۆری گوتنەوە و بڵاوکردنەوەی ژیان پانتاییەکی تازە درووست دەکات. ئەم جۆرە ژیانە تایبەتمەندیی خۆی هەیە کە لە ژیانی تاک و بەرە و فەوتانی ئادەمیزاد دوورتر دەڕوانێت.

## سیستەمە کۆمەڵایەتی --- فەرهەنگییەکان

تا ئێستا بەگشتی سەبارەت بە فەرهەنگ وەکوو ماڵی هەموو مرۆڤایەتی قسەی لەسەرکرا. ئێستا جێگای خۆیەتی کە لە فەرهەنگە تایبەتەکان و سیستەمە کۆمەڵایەتی – فەرهەنگیەکان بڕوانین. مرۆڤ لە ناو کۆمەڵگادا دەژیت و هەر کۆمەڵگەیەکیش فەرهەنگی تایبەتیی خۆی هەیە. لەمێژ ساڵە لە نێوان قەومناساندا[179] باوە کە سەبارەت بە فەرهەنگی (ئیسکیمو)؛ فەرهەنگی دەشتەکانی ئەمریکای باکوور و ... لێکۆڵینەوە دەکەن واتە لە فەرهەنگی کۆمەڵگەیەکی تایبەت یان ژمارەیەکی نادیاری کۆمەڵگەی (ئیسکیموەکان) یان لە ئەو فەرهەنگانەی لە یەک پانتایی جوگرافی‌دا دەبیندرێن یان تایبەتمەندیەکانیان لە ناو ئەم پانتاییەدا جێ دەگرێت (وەکوو دەشتەکانی ئەمریکای باکوور). ئەوەی ئێمە پێویستیمان پێیەتی زاراوەیەکە کە فەرهەنگ لە بواری نیشانە تایبەتە بەرچاوەکان کە بۆ هەڵسەنگاندنی زانستی ببێت؛ پێناسە بکرێت و بۆ ئەم مەبەستەش زاراوەی (سیستەمی کۆمەڵایەتی–

فەرهەنگی) یان پێشنیار کردوە کە ئەویش بریتیە لە فەرهەنگێک کە دەستەیەکی جیاواز و سەربەخۆی کۆمەڵگەی مرۆیی وەکوو گەل یان نەتەوەیەک هەیەتی. رەگەزەکانی فەرهەنگ لەوانەیە ئازادانە لە سیستەمێکەوە بۆ سیستەمێکیتر بڕوات (بڵاوبوونەوەی فەرهەنگی)(180). بەڵام چوارچێوەیەک کە سیستەمەکان لێکجیادەکاتەوە هەبوونی بواری پێداچوونەوەی زانستی سیستەمەکە لە هەموو زەمان و دەورەیەکدا رێدەستی هەیە.

بەمجۆرە هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆیی سیستەمی کۆمەڵایەتی–فەرهەنگی خۆی هەیە کە لە تەواوکەری خۆیدا دەرکەوتەیەکی تایبەت و بێهاوتایە لە فەرهەنگی مرۆیی.

هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتی - فەرهەنگی تەواوی رەگەزەکانی فەرهەنگی مرۆیی لە خۆ گرتووە؛ واتە رەگەزە هونەری (تەکنۆلۆژیک) – کۆمەڵایەتی – فیکری (ئایدۆلۆژیک)ەکان. بەڵام سیستەمە کۆمەڵایەتی – فەرهەنگییەکان لە رووی ژێرخان و رێکخراوەیەوە جۆراوجۆرن.

هۆی ئەم جیاوازیە فاکتەری جۆراوجۆرن؛ بۆ نموونە دژایەتی نێوان ژینگەی سرووشتی و ئەم سەرچاوانەی کە لە هەر جێگایەک لە ژێردەستەڵاتی مرۆڤدا هەیە یان نییە و ... و تا ئەم دەستە پێداویستیانەی کە لە جەوهەری هەر یەک لە رەگەزەکانی فەرهەنگی وەکوو زمان و ... پلەی بەرەوپێشچوونیاندا هەیە.

بۆ هەڵسەنگاندنی سیستەمە کۆمەڵایەتی – فەرهەنگییەکان دەبێت فاکتەری بیۆلۆژیکی هەبوونی ئینسان وەکوو فاکتەرێکی نەگۆڕ سەیر بکرێت. ئەگەرچی یەکسانی و نایەکسانی رەچەڵەکەکان یان جۆری سرووشتی مرۆڤ بەشێوەی زانستی تا ئێستا نەسەلمێندراوە؛ بەڵام هەموو دوکۆمێنتەکان دەیسەلمێنن کە جیاوازیی رەگەزی و تایبەتمەندییەکان هەرچەندە بێت لە بەرامبەر کاریگەری تەشەنەی فاکتەرە فەرهەنگیەکاندا وەبەرچاو نایەت.

## فەرهەنگ و کەسایەتی

منداڵی ساوا بەبێ فەرهەنگ دێتە سەر دنیا، ڕەفتار و بۆچوونەکان — بەهاکان - ئارمانجەکان — بیر و باوەڕەکان و هەروەها جووڵانەوەی لە ژێر کاریگەری تەشەنەی فەرهەنگیە کە چوار دەورەی گرتووە.

سەبارەت بە توانا و تەشەنەی فەرهەنگی هەرچی بیلێن کەمە. فەرهەنگ ئەوەندە بەهێزە کە دەتوانێت پێش داخواز و حەزی جنسی بگرێت و ببێتە هۆی پاکداوێنی لە پێش ژن و مێردایەتیدا و وادەکات کە تاک سوێندی تەرکەدونیایی بخوات. فەرهەنگ دەتوانێت کەسێک لە برسان بکوژێت لە حاڵێکدا کە خواردەمەنی لە پێشە؛ چونکوو خواردەمەنیەکان بە پیس و مردارەوەبوو ناویان دەرکردوە. یان ئەوەتا کەسێک زگی ئەویتر بدرێت یان فیشەکێک بە مێشکیەوە بنێت بۆ ئەوەی پەڵەی شوورەیی و بێئابڕوویی لە سەر لاچێت.

فەرهەنگ لە مەرگ و ژیان بەهێزترە. لە ناو زیندەوەرانی خوارووی مرۆیی[181] مەرگ واتە دوایی هاتنی پرۆسەی ژیان واتە کۆتایی هاتنی میتابۆلیزم و هەناسە کێشان؛ بەڵام لە ناو مرۆڤدا مەرگ دیاردەیەکی زۆر مانادارە. تەنیا مرۆڤە کە دەزانێت مەرگ چییە. بەڵام فەرهەنگەکە بە سەر مەرگدا زاڵ دەبێت و ژیانی هەمیشەیی بە مرۆڤ دەبەخشێت. بەم شێوەیە فەرهەنگ دەتوانێت ڕێگر یان هاوکار بێت لە هاتنە دی ئاواتەکاندا.

لە لێکۆڵینەوەی پێوەندیی فەرهەنگ و کەسایەتیدا، لە سەر پرۆسەیەک پێدادەگرن کە کەسایەتی لە ژێر کاریگەری و تەشەنەی ژینگەی فەرهەنگیدا دروست دەبێت و ئۆرگانیکی تاک فاکتەرێکی گەورەیە بۆ تەواوکەری کەسایەتیی تاک. لە بەر ئەوە کەسایەتیی تاک پەیوەستە بە فاکتەرەکانی بیۆلۆژیکی و فەرهەنگی کە بۆ هەڵاواردنی ئەم فاکتەرانە لە یەکتر و دیاری

کردنی بەشی هەر یەک لە هەر بوارێک‌دا دەست نادات. ئەگەر فەرهەنگ بە فاکتەرێکی نەگۆڕ و راوەستاو بزانین کەسایەتیەکان بەپێی جیاوازیی دەستکردی ژێرخانی (شادەماری– هەستەکی – رژێنەکان) لێکجیاوازن؛ بەڵام دیاری نادات کە توانای گۆڕینی کەسایەتی تا چەندە بە توانای هەبوو و تا چەندە بە ئەزموونە فەرهەنگیەکانەوە بەستراوەتەوە.

لەم روویەوە لێکۆڵەرەوانی فەرهەنگی تا ئەو جێگەیەی بۆیان هەڵسورابێت روویان کردۆتە ناسینی "کەسایەتی جۆری" وەکوو ناسینی کەسایەتی هۆزێک لە سوورپێستەکان یان فەڕانسیەکان.

## چەمک و روانگە بنەڕەتییەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای فەرهەنگی

### قەومسەنتەری(182)

قەومسەنتەری ناوێکە بۆ لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی فەرهەنگەکانیتر لە سەر بنەمای فەرهەنگی خۆت.

ئەم بۆچوونە لەوانەیە لە ناو میللەتە تازەکاندا برەوی زیاتر هەبێت تا لە ناو میللەتە نەخوێندەوارەکاندا[183] (خێڵی نانڤیسا). لە کۆنەوە هاوولاتیانی[184] ولاتێکی گەورە کەمتر ئاگایان لە میللەت و فەرهەنگی ولاتێکیتر هەبووە؛ بەپێچەوانەوە ئەندامانی خێڵە بچووکەکان ئاگاداریان لە سەر رێوشوێنی فەرهەنگی جۆراوجۆری هاوسێیەکانیان هەبووە. بەم شێوەیە گەڕیدەی ئەمریکی دەتوانێت راپۆرت بنێرێت کە : "خەڵکی لەندەن لەلای هەڵە ماشین لێدەخورن " یان ئینگلیزیەک بەشێک لە دابونەریتی خەڵکی ئەوروپا بە سەیروسەمەرە و ناجۆر بزانێ.

لە لایەکیترەوە ئەندامانی خێڵی پوبلۆ لە ئامریکای باشووری رۆژئاوادا نە تەنیا جیاوازیە فەرهەنگیەکانی نێوان خۆیان دەزانی، بەڵکوو جیاوازیە فەرهەنگیەکانی ناو خێڵەکانیتریشیان دەزانی.

قەومسالاری لە کاتی دۆزینەوەی ئەمریکا و دوورگەی دەریای ئارام و باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا ڕا لە ناو ئەوروپیەکاندا جێگای خۆی کردەوە.

تەنانەت هەندێک لە مرۆڤناسەکانی وەکوو سێرجان لۆبک[185] خەڵکی نەخوێندەواریان بە بێ دین دەزانی یان وەکوو لۆسین لێوی- برول[186] دەیانگوت خەڵکی نەخۆیندەوار زەینی پێش مەنتیقیان[187] (لۆجیکاڵ) هەیە؛ تەنیا بەو هۆیە کە شێوەی فیکر و بیرکردنەوەیان شتێکی جیاواز لە شێوەی فەرهەنگی برەوپێدراوی ئەوروپای روژئاوادا بوو. بەم شێوەیە دانیشتوانی رۆژهەڵاتی ئەورووپا بە تایبەتی ئەوانەی کە نەیاندەزانی بنووسن لە روانگەی بەشی زۆری ئەورووپیەکاندا بە بێ ئەخلاق — بێمەنتیق — سەیر و دژ بە یاسا دەژمێردران.

## رێژەیی بوونی فەرهەنگ

گەشەکردنی مەعریفە سەبارەت بە فەرهەنگەکان لە ناو ئەورووپاییەکاندا تێگەیشتنێکی قوولتر و وەدەست هاتنێکی ناسکتری لە مانای فەرهەنگ پەیدا کرد کە بە تەواوەتی لە گەڵ فەرهەنگی خۆیان جیاواز بوو. تێگەیشتن کە پێداویستییەکانی کۆمەڵی مرۆیی دەتوانێت بە کەرەستەی جۆراوجۆری فەرهەنگی وەدەست بکەوێت؛ خوداناسی دەتوانێت بە شێوەی جۆراوجۆر هەبێت؛ کە ئەخلاق سازگاری رەفتار و یاسا ئەخلاقییەکانە و هەر کۆمەڵگەیەک یاسای تایبەتی خۆی هەیە و ئەم بۆچوونە تازەیە وایکرد کە هەر فەرهەنگێک بە سەنگ و مەحەکی خۆی هەڵسەنگێندرێت.

لەوانەیە شتێک لە فەرهەنگێکدا ئەخلاقی بێت و لە فەرهەنگێکیتردا دژ بە ئەخلاق بێت یان بەتاڵ و هیچ کاریگەرییەکی نەبێت. بۆ نموونە لە ناو هەندێک قەوم دا لە کاتی سەختیی ژیان و نەبوونی خۆراک کوشتنی کچێکی ساوا یان باپیرەگەورە کە کاری پێناکرێت کردەوەیەکی دژ بە ئەخلاق نەبێت، یان لە ناو "ئیسکیموو"ەکاندا یان بۆ درێژەپێدانی دۆستایەتی و یاریدەدانی یەکتر لە ژینگەیەکی سەخت و ئاستەمدا ژن بۆ یەکتر ناردن بە

نیشانەی میوانداری و ڕێز لە میوان گرتن دەزانن و بە کارێکی ئەخلاقی باشیشی دەزانن.

ئەم تێڕوانینە کە، ڕەگەزەکانی فەرهەنگ دەبێت لە ڕووی پێوەندی لەگەڵ کۆی فەرهەنگەوە هەڵسەنگێندرێت، بیر و ڕای ڕێژەگەرایی فەرهەنگی[188] نێودێرکرا، ئەو بەرەنجامەی لێ‌پەیدابوو کە ناکرێت لە ڕوانگەی زانستیەوە فەرهەنگەکان ڕیزبەندی بکرێن و یەکیان لە سەروو و ئەویتر لە خواروو دابندرێت. ئەگەر ناکرێت بڵێین باوکسالاری[189] لە سەرووتر یان لە خوارووی دایکسالاری[190] یە؛ هەروەها ناڕاست و بێ‌مانایە ئەگەر بگوترێ یەک فەرهەنگ باڵاتر یان خوارووترە لە فەرهەنگەکانی‌تر.

زۆربەی مرۆڤناسەکان بەم ئاکامە گەیشتوون و پێیانوایە کە ئەم فەرمانانەی زەینی (سوبژکتیو)ن و زانستی نین.

لە ڕاستیدا بیر و ڕێژەگەرایی فەرهەنگی لە گەڵ ئەم بیر و ڕایە کە دەیهەوێت فەرهەنگەکان ڕیزبەندی بکات ناگونجێت.

هەڵاوێرکردنی ئەوەی کە یەکژنی باشترە یان چەندژنی شتێکە؛ و حاشالێکردنی سیستەمێکی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی لە سیستەمێکی‌تر کە دەتوانێت زۆر باشتر کەرەستە و پێداویستیی بەربەرەکانی لە گەڵ نەخۆشی دابین بکات؛ شتێکی‌ترە و ئەوەی کە فەرهەنگێک لە بواری مانایی و ئەدەبی و هونەریەوە دەوڵەمەندترە، شتێکی‌ترە.

## پێوەندیی فەرهەنگ و ئیکۆلۆژی(191) ( ژینگە )

هەر سیستەمێکی فەرهەنگی – کۆمەڵایەتی لە ژینگەیەکی(192) سرووشتیدا ژیان دەباتە سەر و بێگومان ژینگە لە سەر سیستەمەکە کاریگەری هەیە. فەرهەنگی هەندێک لە ئیسکیموەکان نموونەیەکی زۆر باشە بۆ سازگاری لە گەڵ هەلومەرجی دەوروبەردا: باڵتۆی پێستی و چاویلکە (چشمپا) (193) بۆ خۆڕاگری لە بەرامبەر بەفردا – لۆتکە و نێزە بۆ راوی زیندەوەرانی دەریایی – خانووی بەفری خەرۆک کە پێی دەڵێن (ئیگلۆ). هەندێک لە خێڵەکانی باخەوان(194) ( پالیزکار) نیشتەجێی بەشی سەرووی رووباری مەیسووری پاش ناسینی ئەسپ روویان لە دەشتە بەرفراوانەکان(195) کرد و بوون بە راوچی کۆچەر(196). لە فەرهەنگی ناواژووە-کاندا(197) دوای پەیداکردنی مێگەلە مەڕ و بازاڕی فرۆشی مافورەکانیان، ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتیان بەسەرداهات.

تێروانینە کەونەکان هەموو شتێکیان بە وەرگیراو لە ژینگە لەقەڵەم دەدا و تەنانەت هەندێکیان پێیانوابوو کە ریشوێنی ئەفسانە و داستان؛ رووی جێگا و مەکان و ئاو و هەوا و گیا(198) و زیندەوەران(199) و ... دیاری دەکات، ئیتر باوی نەماوە. ئەمڕۆ لە سەر ئەم باوەڕەن کە ژینگە هۆکاری سەرەکیە بۆ توانایی وەدەست هێنان و دەکارکردنی هەندێک لە چەمکەکانی فەرهەنگ(200) و یان بەکارنەهێنانیان، بەڵام فاکتەری کاریگەریی ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی نین.

فووگی(201) یەکان کە لە خوارووترین بەشی باشووری ئەمریکای باشووردا دەژیان بە شایەتی (چارلز داروین) لە کاتی گەشتە دەریاییەکەی دا دەرکەوت کە بە رووتوقووتی و بێجلک و بێخانوو لە وڵاتێکی زۆر سارد و ناسازگاردا دەژیان.

**بڵاوبوونەوە**(202) (diffusion)

یەکێک لە مرۆڤناسە گەورەکان گوتوویەتی کە "فەرهەنگ تەشەنە دەکات" و مەبەست ئەوەیە کە دابونەریت – بیر و باوەڕ- کەرەستە و ئامراز - تەکنیک و فەن – داستان و حیکایەت و... لەوانەیە لە ناو قەومێکەوە یان لە جێگەیەکەوە بۆ ناو قەومێک یان جێگەیەکی‌تر بڵاوبێتەوە. بێگومان بۆ ئەوەی چەمکێکی فەرهەنگی لە لایەن خەڵکی‌ترەوە پەسەند بکرێت، دەبێت بۆ ئەوان سوود و قازانج و خۆشەویستی هەبێت.

هەندێ لە مرۆڤناسەکان بڕوایان وایە کە شێوەی بنەڕەتی درووست بوونی کۆمەڵگە وەکوو رێکخراوی کەلان[203] لەوانەیە لەبەریەک بڵاو بێت، بەڵام رای دروست ئەوەیە کە ژێرخانی بیۆلۆژیکیی کۆمەڵگە لە ناو کۆمەڵگەدا گەشە بکات. لە سیستەمێکی فەرهەنگی - کۆمەڵایەتیدا سەختیی سرووشت وەکوو بیابانەکان و کێو و ئاوبەندەکان و دوورەئاوەدانی هۆی سەرەکین بۆ ئاسان یان دژوار بڵاوبوونەوەی چەمکەکانی فەرهەنگی.

ئەندازەی بڵاوبوونەوەی یەک رەگەزی فەرهەنگی لە لایەکەوە پەیوەستە بە چاکی و خراپی چەمکەکە و لە لایەکی‌تریشەوە پەیوەستە بە چۆنیەتیی پێوەندی و هاتوچۆ لە هەر کوێ و لە هەر دەورانێکدا.

بەڵگە شوێنەوارناسییەکان سەلماندوویانە کە "عەنبەر " لە وڵاتی باڵتیکەوە بۆ کەناری دەریای ناوەڕاست بڵاوبۆتەوە، بە پێچەوانەوە سککەی پووڵ لە رۆژهەڵاتی نزیکەوە بۆ باکووری ئەوروویا رۆیشتووە.

لە وڵاتی ئەمریکای باکوور لە سەردەمی ژیانی خەڵکە رەسەنەکەی‌دا کەرەستەی مز لە باکووری میشیگانەوە بۆ جۆرجیا چووە. هەندێک لە خێڵە

سوورپێستەکانی باکووری ڕۆژئاوای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ساڵەها لەوە پێش کە مرۆڤێکی سپی پێستیان دیبێت ئەسپیان هەبووە کە لە ڕاستیدا گەڕۆکەکانی [204] ئیسپانی هێنابوویانە باشووری ڕوژئاوای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بڵاوبوونەوەی تووتن – قاوە – پەتاتە – چا – و زۆر شتیتر نموونەی ئاشکرای بڵاوبوونەوەی فەرهەنگین.

## بەفەرهەنگ بوون[205]

بڵاوبوونەوەی فەرهەنگی لەوانەیە لە نێوان خێڵ یان میللەتانێک ڕوودات کە لە ڕوانگەی هێزی سیاسی و سەربازی یەکسان بن یان لە ڕوانگەی گەشەی فەرهەنگیەوە هاوسەنگ بن. وەکوو بڵاوبوونەوەی سەمای ڕۆژ لە ناو خێڵە دەشتنشینەکانی ئەمریکای باکووردا. بەڵام لەوانەشە لە نێوان سیستەمە فەرهەنگی – کۆمەڵایەتیەکانیشدا ڕوودات کە زۆریش لێک جیاوازن. نموونەی ئاشکرای ئەمەش داگیر کردن و ئیستیعماری وڵاتانی جۆراوجۆرە بە دەستی نەتەوە تازەکانی ئەورووپایی. زیاتر وادەڵێن کە فەرهەنگی نەتەوە پێشکەوتووەکان بە سەر فەرهەنگی نەتەوە دواکەوتووەکاندا زاڵ دەبێت. ئەم گوتەیە ڕاستیەکی زۆری تێدایە. بە وەرگرتنی فەرهەنگی بێگانە دەڵێن بە فەرهەنگی کردن. بەڵام لە کاتی زاڵ بوونی میللەتێک بەسەر میللەتێکیتردا لەوانەیە چەمکێک لە فەرهەنگی نەتەوە تێکشکاوەکە کە بۆ فەرهەنگی میللەتە سەرکەوتووەکە تەشەنە بکات. نموونەش بۆ ئەم مەبەستە بێجگە لە چاندنی ئەم گیایانەی کە باسما ن کردن؛ هاتنی وشە بۆ ناو زمان – موسیقی – یارییەکان – هونەر و ..... یە. یەکێک لە پرسە هەرە گرینگەکانی قەومناسی لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدە و چەند دەیەی سەدەی بیستەمدا ئەمە بوو کە: وەک یەکچوونی فەرهەنگی لە وڵاتە جیاوازەکاندا چۆنە؟ ئایا هەر وەکوو

هەندێک لە مرۆڤناسەکان بڕوایان وایە بیر و فیکری دروستکردنی ئەهرام — مۆمیایی کردن - سەمای ڕۆژ بە شێوەی جیاواز لە میسری کۆن زنجیرە چیای ئاند لە (یۆکاتان) پەیدا بوون یان لە بنەما و بنەڕەتەوە ئەم چەمکە فەرهەنگیانە گەیشتوونە ئەمریکا و لەوێدا بڵاوبوونەوە.

هەر یەک لە ئایدۆلۆژی قەومناسی لەم بوارەدا دوو بڕوای جیاوازیان هەیە: لایەنگرانی گەشەی فەرهەنگی (فرگشت)[206] لە سەدەی نۆزدەهەمدا (ئیدوارد برێنت تایلۆر — لۆوییس مۆرگان و....) دەڵێن گەشە سەندنی فەرهەنگی لە هەموو وڵاتێکدا لە ژێر کاریگەریی زەینی مرۆڤ وەک یەک دەچێت. لایەنگرانی بڵاوبوونەوەی فەرهەنگی واتە کەسانێکی وەکوو "فریتس گرانبێر — ئیلیۆت ئیسمیت" سەبارەت بە فەرهەنگ و بڵاوبوونەوەی چەمکەکانی لە سەرتاسەری دونیادا؛ پێیانوایە کە مرۆڤ لە سرووشتدا سازەندە نییە و بە خوڵقانی فەرهەنگ؛ فەرهەنگ مەیلی بە بڵاوبوونەوە بە هەموو جێگەیەکدا هەیە. لە سەر ئەم دوو بڕوایە کێشە درووست بوو. بەڵام ئەمڕۆ وایلێهاتووە کە یەکسەرە لایەنگیری لە هیچ لایەک نەکرێت و بەڵکوو لە هەر شتێکدا تایبەتمەندییەکانی لەبەرچاو بگیرێت. لە سەر ئەهرام هەردووکیان بڕوایان یەکە و دەڵێن کە هەر یەک بە شێوەی جیا لە میسر و ئەمریکادا گەشەیان کردووە چونکوو شێوەی درووست کردنیان بەئاشکرا جیاوازی هەیە و لێکجیاوازن: ئەهرامی میسر لە بەردی تاشراوی گەورە دروست کراون و لەناویاندا گۆڕی مردووی تێدایە. ئەهرامی ئەمریکا لە خشت دروست کراون و ڕووی دەرێیان بەردی پێوەدراوە و بناغەیەک بوون بۆ پەرستگەکان.

تیر و کەوان بۆ یەکەم جار دروستبوو و لە هەموو وڵاتاندا بڵاوبۆوە. بەڵام ئاگر هەڵایساندنەوە لە کۆنەوە بە شێوەی جۆراوجۆری وەکوو کوتانەوە — پێکەوە سوون - گوشار — نیشانەی ئەوەیە کە جێگای درووست بوون و پەیدابوونی یەک جێگا نیە.

## پەرەسەندنی فەرهەنگ

فەرهەنگ پەرەسەندوو واتە گەشەی فەرهەنگی لە ڕێڕەوی زەماندا درووست بووە. هەر وەکوو تایلۆر بە جوانی پێشانی داوە، تەکنیکی نووسین چەند پلەی بڕیوە: نەخشنیگاری – سیمبۆلنیگاری[207] - ئەلف و بێنیگاری. لە پانتایی ڕێکخراوەکانی کۆمەلایەتیدا گرووپە خۆجێیەکانی دروستکراو لە بنەماڵەکان؛ بە کۆمەڵگەی بەشبەشکراوی وەکوو (کەلان و دەستەکانی گەورەتر) گەشەیان سەندووە. پەرەسەندنی فەرهەنگی – کۆمەلایەتی وەکوو پەرەسەندنی بیۆلۆژیکی نیشاندەری زیدەبایی[208] هەرچی زیاتر لە سازبوون و تەکنیکیبوونی کردەوەکانە.

هەندێک لە پێوەندیی نێوان پەرەسەندنی فەرهەنگی و بلاوبوونەوەی فەرهەنگی خەراپ تێگەیشتوون. بۆ نموونە گوتوویانە کە بیر و ڕای گەشەی فەرهەنگی ڕاست نییە؛ چونکوو هەندێک لە قەومەکان بە سەر بڕێک لە قۆناغەکانی دیاریکراوی گەشەی فەرهەنگیدا بازیا ن داوە. بۆ نموونە هەندێک لە خێلەکانی ئەفریقایی لە ئاکامی بلاوبوونەوەی فەرهەنگیدا لە چاخی بەردینەوە بۆ چاخی ئاسن بازیان داوە، بە بێ تێپەڕکردنی چاخی مز و مەفرەق (چاخی ناوەندی). مەبەست ئەوە نییە کە هەموو قەوم و کۆمەڵگەکان دەبێت بە چەند قۆناغی دیاریکراودا تێپەڕن، بەڵکوو کەرەستە و ئامرازەکان – فەن و تەکنیک– ڕێکخراوەکان– و بە کورتی فەرهەنگ دەبێت چەند قۆناغ تێپەڕ بکات. مانای هەبوونی قۆناغ ئەوە نییە کە هیچ کۆمەڵگەیەک نەتوانێت بە بێ تێپەڕبوونی قۆناغی سیمبۆلنیگاری گەیشتبێتە قۆناغی ئەلف و

بێ نووسین. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە زۆر لە قەومەکان یەکڕاست بازیان داوە بۆ قۆناغی ئەلف و بێنیگاری.

## چەمکی فەرهەنگی

مانای فەرهەنگ تەواوی فەرهەنگی مرۆیی دەگرێتەوە. بەڵام ئەم شتەی کە تێگەیشتن لە فەرهەنگی مرۆیی ئاسان دەکات، بەشبەشکردنی کۆی تێکچڕژانی فەرهەنگە بە بەشی چکۆڵەتر؛ کەموزۆر بە هەمان مانای کە گەردیلە بناغەی ماددە و ژیان دەناسرێت. خەسڵەتی فەرهەنگی[209] بە یەکەی فەرهەنگ دەناسرێت.

خەسڵەت لەوانەیە شت بێت وەکوو چەقۆ یان شێوەی کردەوەی کار بێت وەکوو (چنین) یان یەک باوەڕ بێت وەکوو (باوەڕ بە ڕوح) یان یەک تێروانین[210] بێت لە کارێک وەکوو ترس لە زیناح لەگەڵ حەرامکراوەکان؛ بەڵام لە دەروونی هەر بابەتی ناو فەرهەنگ، هەر چەمکێک لە گەڵ چەمکەکانی‌تر پێوەندی هەیە.

کۆیەک لە خەسڵەتە دەستنیشانکراوەکان کە کەم تا کورتێک سەربەخۆن یەک کۆمپلێکسی فەرهەنگی[212] پێدەگوترێت. خەسڵەتەکان لە یەک کۆمپلێکسی فەرهەنگی‌دا پێکەوە پێوەندیی ئامرازی و کارتێکردنیان هەیە وەکوو ئەسپ – زین – هەوسار - ڕکێف و ... و یان پێوەندیی مانایی و بەزەییيان هەیە وەکوو کردارەکان و تێڕوانینەکانی کە لە کردەوەی تەرکەدونیایی ناو کلێسەکاندا هەیە و یان لە پەیدا کردن و ئاشکراکردنی دڵێک کە جادووگەرێک ڕفاندوویەتی.

## پانتایی فەرهەنگی[213]

پێوەندیی نێوان فەرهەنگ و ژینگە[214] هەموو کاتێک زۆر نزیکە. لە بەر ئەوە پێوەندییەکی دوو لایەنە و نزیک لە نێوان جۆری فەرهەنگ و جۆری ژینگە دەبیندرێت کە ئەمجۆرە تێگەیشتنە مانای پانتایی فەرهەنگساز دروست دەکات. پێشینەی ئەمجۆرە تێگەیشتنە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم کە مرۆڤناسی گەورەی ئەمریکی ( کلارک ویسلێر) گرینگی پێدا و لەناو کتێبەکانی **سوورپێستەکانی ئەمریکایی**[215] (1917) و **ئینسان و فەرهەنگ**[216] (1923)دا بەکاری هێنا. ناوبراو لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا فەرهەنگی سوورپێستەکانی بە چەند وڵاتی فەرهەنگی- جوگرافی بەشبەش کرد: (پانتایی کاریبۆ) لە باکووری کەنەدا و کەناری باکووری رۆژهەڵات کە تایبەتمەندییەکەیان کەڵک وەرگرتن لە ماسی سلمون و درەختی سەدرە ( دەشتە گەورە و پانەکان) کە خێڵەکانی بە سواری ڕاویان دەکرد (پانتایی پوبلۆ) لە باشووری روژئاوادا و ... .

دوابەدوای ئەو کەسانێکیتر بۆ دووبارە ناسینی پانتایی فەرهەنگ لە وڵاتانیتردا کاریان کردووە.

## جۆری فەرهەنگ

تێگەیشتن لە پێوەندیی نێوان فەرهەنگ و پانتایی جوگرافی مانای "جۆری فەرهەنگ[217]"ی دروست دەکات. وەکوو "فەرهەنگی ڕا و" یان "کۆکردنەوەی خۆراک "یان شێوەیەکی تایبەت لە راو وەکوو "بەکارهێنانی ئەسپ لە ڕاوی دەشتەکاندا" یان ڕاوی زیندەوەرانی دەریایی لە ناو ئیسکیمووەکاندا؛ "فەرهەنگی شوانی" کە لەسەر بنەمای بەخێو کردنی ئاژەڵ و ئاسک داندراوە؛ "فەرهەنگی باخەوانی " (هەڵکەندنی زەوی بە دار و پێمەڕە) و "فەرهەنگی کشتوکاڵ"ی بە جووت و گا و نیر و ئامورر. فەرهەنگێکی کە کەمتر بیندراوە فەرهەنگی بازرگانیە (ئاڵوگۆڕ و کڕین و فرۆشتن)؛ واتە دروستکردنی لێزانانەی هەندێک شتی وەکوو سوواڵک و دیزە و گۆزە، تە وری پۆلایین، یان خوێ بۆ کڕین و فرۆشتن؛ هەر وەکوو لە لۆزون[218] دا دەبیندرێت.

پەیکەربەندیی فەرهەنگی[219] و نموونەی فەرهەنگی[220] مانایەکی پەیوەندیدارن بە پانتایی فەرهەنگ وجۆری فەرهەنگەوە. توخمی هاوبەشی هەموو ئەم مانایانە ئەوەیە کە نە تەنیا لە گەڵ هەموو پێکهاتەکانی فەرهەنگ یان خەسڵەتەکان بەڵکوو لە گەڵ کۆی فەرهەنگ وەکوو ڕێکخراوەیەکی مانادار لە چمکەکان ڕووبەڕوویە. چەمکی نموونەی گشتیی فەرهەنگ) بە وتەی (ویسلێر داڵ) لە سەر ئەم بنەمایەیە کە هەموو فەرهەنگە تایبەتەکان ڕەچەڵەکی یەکسانیان هەیە: زمان - هونەر — ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی — دین — تەکنۆلۆژی و ... .

# سەرچاوەکان

"Human culture" in Encyclopaedia Britannica، 1974 .

Ernest Cassirer، Essay on Man، Colonial Press Ine . Massachussette، 1974 .

## بەرامبەرنامە:

| | | |
|---|---|---|
| acculturation | فرهنگیدن | بەفەرهەنگیبوون |
| activity | کردوکار | کرد و کار |
| adjustment | سازواری | سازەیی |
| alternative | گزینه | ئاڵترناتیو - جێگر |
| antropoid | آدم‌نما | بە شێوە ئینسان |
| attitude | نگره | تێروانین و بۆچوون |
| biological | زیستانی؛ زیستی | بیۆلۆژیکاڵ |
| birth year | زادسال | ساڵی لەدایکبوون |
| complex | همتافت | کۆی تێکەڵاو |
| configoration(of behaviour( | پیکرەی رفتار | (پیکه ره/ قەواره ی کردار) |
| cultural anthropology | انسانشناسی فرهنگی | ئینسانناسی فەرهەنگی |
| cultural complex | همتافت فرهنگی | کۆی تێوەگلاوی فەرهەنگی |
| cultural diffusion | پراکنش فرهنگ | بڵاوبوونەوەی فەرهەنگ |
| cultural relativism | نسبیت فرهنگی | نیسبیەتی فەرهەنگی |
| cultural triat | خاصەی فرهنگی | چەمکی |

| | | |
|---|---|---|
| | | فەرهەنگی |
| cultural area | پهنه‌ی فرهنگی | پانتایی فەرهەنگی |
| cultural type | نوع فرهنگ | جۆری فەرهەنگ |
| cumulative | انباشتی | خه رمانی؛ وەسەریەکنراو |
| descriptive | تشریحی | شیکراوە؛ شیکردنەوە |
| differentiation | پاره‌افزایی | زیدەبایی |
| diffusion | پراکنش | بڵاوبوونەوە |
| dimension | ساحت | ئەندازە؛ جۆر |
| ecology | زیستبوم؛ زیستبوم‌شناسی | ئیکۆلۆژی |
| emergence (principle of( | برآمد (اصل | دەرکەوتە – ئەساس |
| ethno - centrism | قوم‌مداری | قەومسالاری |
| ethnology | قوم شناسی | قەومناسی |
| ethos | بنخوی | بنەتۆو - رەگەز - بناوان |
| evolution | فرگشت | گەشە کردن |
| exosomatic | فراتنی | دەرئەندامی |

| | | |
|---|---|---|
| explanatory | توصیفی | شیکراوە؛ شیکردنەوە |
| explorer | پوینده | لێکوڵەر؛ بەدواداچوو |
| genetic | تکوینی | تەواوکەری؛ کامڵ بوونی |
| goggle | چشمپا | چاو بە دواداگێڕان |
| gravity | گرانی | قورسایی |
| habitat | زیستگاه | ژینگە |
| habitual | عادتی | رەوشتی |
| hieroglyph | نمادنگاری | هیرۆگلیف |
| horticulture | پالیزکاری | باغەوانی |
| idealism | ایدەباوری | ئیدەئالیسم |
| interaction | میانکنش | دەروونکرداری |
| irrational | خردستیز؛ خردستیزانه | دژ بە ئەقڵ |
| materialism | مادەباوری | ماددەباوەڕی |
| matriliny | مادرسویگی | ماکسالاری؛ دایکسالاری |
| mechanism | سازوکار | میکانیزم |
| minding | ذهن‌ورزی | بیرکاری |
| moeurs | آداب و رسوم | دابونەریت |
| naturalism | طبیعت‌باوری | ژینگەباوەڕی؛ |

| | | |
|---|---|---|
| | | سرووشتباوەڕی |
| nomad | کوچرو | کۆچەر |
| non – biological | نازیستانی | نابیۆلۆژیکی |
| normative | هنجاری | شیاوی |
| organic | اندامی | ئۆرگانیک |
| patriliny | پدرسویگی | باوکسالاری |
| pattern | الگو | نموونە |
| patterning | الگوسازی | نموونەسازی |
| preliterate | نانویسا | نانڤیسا؛ |
| | | نەخۆیندەوار |
| primate | نخستی | هەوەڵی |
| product | فراورده | بەرهەم؛ |
| | | وەدەستهاتوو |
| rational | خردورزانه | ژیرانە؛ ئاقڵانە |
| rule | قاعده | یاسا؛ بناغە؛ |
| | | ئەساس |
| self – cultivation | خودپروری | خۆ پەروەردە کردن |
| self – generating | خودزا | خۆڕسک |
| sensationalism | حسباوری | حیسباوەڕی |
| sign | نشانه | نیشانە |
| social habituation | خوگری اجتماعی | هەڵگرتنی رەوشتی کۆمەڵایەتی |

| | | |
|---|---|---|
| spiritualism | روح‌باوری | روح‌باوەڕی |
| sub – human | فروبشری | خوارووبەشەری |
| superorganic | ابراندامی | سوپر ئۆرگانیک |
| symbol | نماد | سیمبۆل؛ نیشانە |
| symbolic | نمادی؛ نمادین | سیمبۆلێک؛ نیشانەکراو |
| symbolling | نمادگری | سیمبۆلیک |
| tradition | فراداد | دەرکەوتە – بەرهەم – بەرهەم گواستنەوە |
| traditional | فرادادی | دەرکەوتە – بەرهەم |
| trait | خاصه | چەمکی فەرهەنگی |
| trial and error | آزمون و لغزش | تاقیکاری و خەتا |
| way | راه و روش | ڕێوشوێن |

## فەرهەنگۆک:

| فارسی | کوردی |
|---|---|
| آستانه | رادە |
| آموزش | پەروەردە |
| اجزاء | پێکهاتە |
| اخلاق | رەوشت؛ ئاکار |
| احساس | هەست؛ ئێحساس |
| اتم | گەردیلە |
| ارزش | بایەخ؛ بایی؛ قیمەت؛ گرانی |
| اصول | بنچینە؛ بناغە؛ ئەساس |
| اسطوره | ئەفسانە |
| اوضاع | بارودۆخ |
| انگیزه | ویست؛ ئارەزوو؛ داخواز |
| ایهام | نادیار |
| احکام ذهنی | سوبژێکتیو |
| امتیاز | باڵادەستی؛ جیاوازی |
| برآمد | دەرکەوتە؛ وەدیهاتوو |
| بازتاب گسترده | رەنگدانەوەی بەربڵاو |
| پاسخهای عاطفی شرطی | وەڵامەکانی ئێحساسی مەرجی |
| پرورش زنبور عسل | بەخێوکردنی هەنگ |
| پدیده | دیاردە؛ پرۆسە |
| پدیدار و ناپدیدار | دیار و نادیار |
| پسندها | هەڵبژاردەکان |

| | |
|---|---|
| پویندگان | وەدواکەوتووان |
| پهناکش جولاهان | |

| | |
|---|---|
| پیرایش | جوانکاری؛ جوان کردن |
| پیرامون محسوس | دەورووبەری دیار |
| پیچیده | پێچیاگ؛ بادراو |
| تابع | وەدووکەوتو؛ پەیوەست |
| تابوی مادرزن | ترس لە خەسوو |
| تجربی | ئەزموونی؛ ئەزموون |
| تخمه | بنەتۆو |
| تجسم | خەیاڵی وەبیرهێنانەوە؛ خەیاڵ |
| تعریف | پێناسە |
| تقسیم | بەشینەوە؛ بەشبەش کردن |
| تصورات | بیروخەیاڵ؛ فکر |
| تکوین | خۆرِسک؛ کامڵ بوون |
| تمدن | شارستانیەت |
| توسعه | پەرە پێدان |
| تودەواریها | خەڵکی سازماننەدراو؛ پەراکەندە |
| تهذیب | پاکبوونەوە؛ خاوێنبوونەوە |
| ترکیب | کۆی تێکەڵاو |
| تجزیه | بەشبەش کردن؛ هەڵوەشان |
| جهت | روو |
| جهت‌گیری | ستراتیج؛ ستراتژی؛ هەڵوێست |

| | |
|---|---|
| جادوو | سێحر؛ جەمبەر |
| جریان | ڕەوت؛ پرۆسە |

| حل مسائل | چارەسەری پرسەکان |
|---|---|
| حقیقت | ڕاستی |
| حوزه | پانتایی |
| حقوق | ماف |
| خاص | تایبەت |
| خصایص ذاتی | شێوە و ڕەوشتی هەبوون |
| خوشایند | دڵڕفێن؛ کەیف پێهاتن |
| خودکار | ئۆتۆماتیک |
| ذات | هەبوون |
| ذهنورزی | بیرکاری |
| دریافتها | لێحاڵیبوون؛ تێگەیشتن |
| دقت | سرنج |
| دیدگاه | دید و بۆچوون |
| رده | ڕیز؛ پله؛ پایه |
| رشد | هەڵدان |
| روانشناختی | دەروونناسی |
| روحیات ملتها | دەروون و گیانی میللەتان |
| زبان بساوشی | زمانی کەڕ و لاڵان |
| زمینه | ڕێخۆشکەر |
| زنا | زیناح؛ بێناموسی |

| | |
|---|---|
| زیستشناسی | ژینگەناسی |

| | |
|---|---|
| عامیانە | ناشیانە |
| عرف | ناسراوی؛ باو؛ رەوشت |
| عام | گشتی |
| عالم پدیدار | جیها نی وەدیهاتوو؛ دونیای ماددی (فنومنال) |
| عادت | خووخدە؛ رەوشت؛ خوو |
| عاطفی | بەزەیی؛ روحم |
| عصبی | شادەماری |
| عنصر | رەگەز |
| غدەهای بزاقی | پۆرگیلەی ئەزمان |
| غیرذاتی | نەبوو |
| غریزی | رەوشتی- نائیرادی |
| طرح | گەلاڵە |
| فرآیند | پرۆسە؛ رەوت |
| فراداد | بەرهەم؛ دەرکەوتەکان؛ بەرهەم گواستنەوە |
| فراگیری | ولاتداگری؛ بەرفراوانی |
| فحواها | ناوەرۆک |
| فروتران | خواروو؛ ژێرتر؛ بەردەستەکان |
| فرمولهای کلی | یاسا گشتییەکان |
| فرهیختن | راهێنان؛ بارهێنان |

| | |
|---|---|
| فرضیه | بۆچوون |
| فنی | تەکنیکی |
| فیزیۆلۆژی | ئەندامناسی ؛ ئەندام |

| | |
|---|---|
| قاعده | یاسا؛ بناوان |
| قبیله | عەشیرەت؛ خێڵ |
| قصد | مەبەست |
| قلمرو | پانتایی |
| سازمان | ڕێکخراو[ه] |
| سپاسداری | پێزانین؛ شوکرانەبژێری |
| ساحت | ئەندازە؛ جۆر؛ گۆڕەپان؛ مەیدان |
| ساختی | ژێرخانی؛ سازەیی؛ دەستکردی |
| سوخت و ساز | میتابۆلیسم |
| شهروند | هاووڵاتی؛ سیڤیل |
| شایستگیهای اخلاقی | شیاوەکانی ئاکاری |
| شرح | شیکردنەوە |
| شرطی‌شده | مەرجیکراو؛ هۆیی؛ دیاریکراو |
| شور و شوق | کەیفخۆشی |
| شگفت‌انگیز | سەرسوڕهێنەر |
| کامل‌تر | پێشکەوتووتر |
| کامل شدن | بەرەوپێش چوون؛ پەرە گرتن |
| کشش | تام و چێژ؛ بۆ لا چوون؛ خۆشی |
| کشف | دۆزینەوە |

| | |
|---|---|
| کلی | تەواو |
| کلیت درهم‌تنیده | کۆی تێوەگلاو |
| کلیت همتافته | کۆیەکی پێوەلکاو |

| | |
|---|---|
| کمال | بێ کەم‌وکوڕی |
| کنجکاوی | زیتی؛ بە دووادا چوون |
| گروه | دەستە؛ گرووپ |
| گونه | جۆر |
| طبقه | پلە |
| طول | درێژایی |
| صفات | نیشانە؛ چۆنیەتی |
| مالکیت | خاوەنداریەتی؛ خاوەن |
| ماهیچه‌ای | ماسوولکەیی |
| ماهیت | جەوهەر؛ ناوەڕۆک |
| مانع | ڕێگر |
| مجرد | تاق؛ هەست‌پێنەکراو |
| محرک | هاندەر |
| محرک باواسطه | هاندانی بە نێوبژ |
| مرحله | قۆناغ؛ نۆرە؛ بەش |
| مرجع | بناوان؛ بنەڕەت؛ سەرچاوە |
| مرجح | باڵاتر؛ لە سەرووتر؛ گەورەتر |
| مزدیسنان | ئاهورامەزدایی |
| معنوی | مانایی؛ مانادار |

| | |
|---|---|
| معیار | ئەندازە؛ سەنگ؛ مەحەک |
| مفهوم | مانا |
| مقاصد | ئارمانج |
| مقوله | بابەت |

| | |
|---|---|
| مطالعه | لێکولێنەوە |
| منطق | ئاقڵ؛ بەڵگە |
| مهارتها | شارەزایی؛ کارامەیی؛ لێزانی |
| میانکنش | دەروونکرداری |
| نژاد | رەگەز |
| نفوذ | تەشەنە؛ کاریگەری |
| نظریه | بیر و را؛ بۆچوون |
| نکته | خاڵ |
| نگره | تێروانین |
| نمود | دەرکەوتە؛ لەبەرچاو؛ برەو؛ گەشە |
| نهاد | داموودەزگا |
| وابسته | پابەند |
| واحد | یەکە؛ تاق |
| واکنش | کاردانەوە |
| وراثت | میرات |
| وراثت اجتماعی | میراتی کۆمەڵایەتی |
| وظایف | ئەرکەکان |
| هماهنگی | تەبایی؛ بیرورا گۆڕینەوە |

| | |
|---|---|
| همبسته | یەکگرتوو |
| همگانی | گشتی؛ هەمەلایەن |
| هنجار | شیاوەکان |

# پەراوێزەکان

١– سەنتەری بەڵگەنامەی فەرهەنگی ئاسیا بۆ یاریدەدانی ڕێکخراوی پەروەردەی زانستی و فەرهەنگی نەتەوە یەکگرتووەکان ( یۆنیسکۆ) لە بۆاری لێکۆڵێنەوە و پەرەپێدانی فەرهەنگی وڵاتانی ئاسیایی دامەزراوە.

2 -cultural anthropology

3-gravity

٤- وەرگێراو لە: فەرهەنگ؛ نوسراوی دوکتور سادقی کیا؛ ناوەندی بڵاوکردنەوەی وەزارەتی فەرهەنگ و هونەر؛ ١٣٤٩ هەتاوی.

(٥)- سەرچاوەی ئەم بەشە کتێبی دوکتورسادقی کیایە. بڕوانە لاپەڕەی ژمارە٨.

٦- ئەو زمانانەی کە لە زما نی لاتین جیابوونەوە وەکوو پورتەغالیٚ – ئیسپانیولی – فەڕانسی – ئیتالیایی و ڕۆمانسی و.......

7-political

8-urban

9-citizen

10- biological

11-sub – human

11-Tylor

13-middle ages

14-Essai sur les moeurs et L’esprit des Nations

15-Swiss Iselin

16-Condorcet

17-Moeurs

١٨ – Johann Christoph Adelung ؛ ١٧٣٢ – ١٨٠٦؛ زماننناسی گەورەی ئەلمانی.

١٩- Johann Gottfried Herder ؛ ١٧٤٤ - ١٨٠٣؛ رەخنەگری ئەدەبی؛ فەیلەسوف و خواناسی (تئۆلۆگ) ئەلمانی کە لە بواری فەلسەفەی مێژوو و فەرهەنگدا داهێنانی زۆری کردوە.

٢٠– Gustav friedrich Klemm ؛ ١٨٠٢ – ١٨٦٧؛ ئینسان‌ناسی ئەلمانی کە لە پەرەپێدانی مانای فەرهەنگ دەستێکی باڵای هەبووە.

21-Allgemeine Kulturgeschichte der Menschheit.

22- Allgemeine Kulturwissenschaft.

23-Danilevsky.

24-Toyenbee.

٢٥- Sir Edward Burnett Tylor ؛ ١٨٣٢- ١٩١٧؛ ئینسان‌ناسی ئینگلیسی کە بە دانەری ئینسان‌ناسی فەرهەنگی دەناسرێت.

26-Primitive Culture

27- social anthropology

28- cultural antropology

29- sociale

30-Von Humboldt

31-Lippert

32-Barth

33-Alfred Weber

34-Dimension

35-Loyd Morgan

٣٦- مەبەست ئەوەیە کە بەپێی یاسای بەرهەمە دەرکەوتەکان ( principle of emergence) پرۆسە و رووداوەکانی جیهان پێکەوەلکاون، بەڵام دە ریزی جۆراوجۆر دان و ریزی سەروو  لە سەر بنەمای ریزی خواروو دامەزراوە و بەڵام کامڵترە و لە هەمان کاتدا پایە و بناغەیەکە بۆ پرۆسەی تەواوتر و کامڵتر کە لە سەرووی دادەندرێن.

بەمشێوەیە پرۆسەکانی فیزیکی و کیمیاوی لە خوارووترین پلە دان  و بنەایەکن بۆ  وەدیهاتنی پرۆسەکانی بێۆلۆژیکی کە لە دەروونی ئەوانڕا پەیدا دەبن و بەمجۆرە رووداوە بێۆلۆژیکەکان کە ژیانی ئینسان لە دوایین پلەی دایە ئەساسێکن بۆ رووداوە فەرهەنگییەکان کە دەجیهانی دیار (فنۆمنال)دا پلەیەک لە سەرووی ویدا ناناسرێت.

بە پێی ئەم بۆچوونە لە گەڵ ئەوەشدا کە رووداوە فەرهەنگییەکان لە دەرووندا پێویستی بە رووداوە بۆلۆژیکەکان هەیە بەڵام، لە ئەوان جیان و ریز و دەرکەوتەیەک ساز دەکات کە لە سەرووی رووداوە بێۆلۆژیکەکانن کە بۆ ناسینیان ناکرێت تایبەتمەندییەکەیان وەکوو تایبەتمەندیی ریزی خواروو حیساب بکرێت، هەر وەکوو  رووداوە بێۆلۆژیکەکان کە هەبوونیان لە سەر بنەمای رووداوە فیزیکی و کیمیاییەکانە و لە ریزی سەروو دادەندرێت و یاسا و تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

٣٧- Leo Frobenius، لێکۆڵەر و قەومناسی ئەڵمانی و پێشرەو لە بواری رووبەروویبوونەوەی فەرهەنگی — مێژوویی لە گەڵ پرسەکانی قەومناسیدا. فرۆبنێوس بۆچوونی سێ قۆناغی سەبارەت بە بڵاوبۆنەوەی فەرهەنگ دانا کە دەنگ و هەرایەکی  زۆری هەبوو و لە هەوەڵ را بیری لە ناوەرۆک و جەوهەری

فەرهەنگ کردەوە و پێی وابوو بە تێگەیشتن لە ئەساسی فەرهەنگ و یاساکانی و پێوەندی لە گەڵ ئینسان، لە تەوارەی مێژووی ئینسان حاڵی بێت.

فرۆبنیۆس جۆریکی ژیان بۆ فەرهەنگ دەناسی کە لە قۆناغەکانی جوانی-پێگەیشتوو – پیری تێدەپەری و ناوەندی مانا و دەروونی یەک فەرهەنگی (پایدۆما) ناو لێنا.

38-Ursprung der Africanischen Kulturen und Naturwissenschaftliche Kulturleher

39-Paideuma

٤٠- Kroeber Alfred، 1876 – 1960، ئینسان‌ناسی ئەمریکایی کە یەکێک بوو لە پێشکەوتووترین ئینسان‌ناسانی نیوەی هەوەڵی سەدەی بیستەم کە لە سەر چۆنیەتیی فەرهەنگ و پرۆسەکەی پێی داگرت.

41-Super organic

42-descriptive

43-Tylor

44-wissler

45-activities

46-Dixon

47-Bendict

48-Boas

49-community

50-Hiller

51-Linton

52-Lowie

53-Panunzio

54-physical

55-biological

56-Malinowski

57-Kluckhohn

58-Kelly

59-Bidney

60-Kroeber

61-Herskovits

62-tradition

63-Park

64-Burgess

65-Sapir

66-Myres

67-Boas

68-Lowie
69-tradition
70-Linton
71-Mead
72--Suterland

73--Woodward

74-Angyal
75--Pattern

76-Kroeber
77-conditioned
78-Parsons
79-Henry
80-process of domestication
81-Radcliffe-Brown

82-tradition
83-handing on
84-normativ
85-rule
86-way
87-community
88-Bogardus
89-Young
90-folkways
91-Lynd
92-symbol
93-rational
94-irrational
95-non-rational
96-Bennett
97-Tumin
98-Thomas
99-Sorokin
100-superorganic
101-interaction
102-congesies
103-Psychologica
104-adjustment
105-Small
106-Dawson
107-Panunziol
108-self-generation
109-dynamic
110-ford
111-Young
112-attitudes
113-Leighton

114-Morris
115--Gorer
116-Piddington
117-Hart
118-Pantzer
119-Lapier
120-Benedict
121-Opler
122-Davis
123-Wilson
124-Kolb
125-Steward
126-Slotkin
127-habitual
128-community
129-Murdock
130-structural
131-Willey
132-response
133-Ogburn
134-Nimkoff
135-Coutou
136-ethos
137-self
138-Groves
139-Willey
140-Folsom
141-Warden
142-social habituation
143-superorganic
144-Patterning

١٤٥-emergent evolution (بۆ زانیاری زیاتر چاو لە بەشی پرۆسەی واژەی کولتوور و کارپێکردنی بکەن.

146-Ruter
147-symbolic
148-Hantington
149-self - cultivation
150- ideas
151-Ward
152- Osgood
153- descriptive
154- idea
155- attitudes
156- explantory85
157- symbole
158- symbolling
159- exosomatic
160- communicative interaction
161- Edward Burnett Taylor
162- Primitive culture
163- Antropology
٤-Acritical Review of concapts and Definitions
164- mechanism
165- non -biological

مەبەست لە" ئینسان ناسی نازیستانی " ئەو بەشە لە ئینسان ناسیە کە سرنج ناخاتە سەر شێوەی زیستانی (بیۆلۆژیکی)
و بەدەنی ئینسان، بەڵکوو بە تایبەتمەندیە فەرهەنگیەکان.

166- Complex
167- attitude
168- symbolling

169- primates
170- mindng
171- configuration of behaviour
172- alternative
173- cumulative
174 -interaction
175- primates
176- dimension
177- antropoid
178- materialism
179- idealism
180- spiritualism
181- naturalism
182- sign

١٨٣- ئەم حەساسیەتە بۆ نموونە لە بارەی "هانس هۆشمەند"دا سەلمێندراوە. هانسی هۆشمەند ئەسپێک بوو کە وایدەچوو هۆشێکی زۆری هەبێت، دەیتوانی پرسەکانی بیرکاریی چارەسەر بکات و ئەوەندە سم دەعەرزی بکوتێت تا وەڵامی دروست وەدەست بێنێت. بەشێکی دەروونناسی و پسپۆرانیتر بۆ ئەم مەبەستە کۆبوونەوە و زۆر زوو ئاشکرابوو کە ئەسپەکە لە بەرامبەر بڕێک لە جووڵانەوەی خاوەنەکەی کاردانەوەی هەیە و بە نەبوونی خاوەنەکەی یان ئەوکاتەی خاوەنەکەی وەڵامی پرسیارەکەی نەدەزانی، ئەسپەکەش وەڵامی پێنەدەدراوە.

184- Sensationalism
185- ethnologist
186-cultural diffusion
187-subhuman
188- ethnocentrism
189- preliterate

190- citizen
191-Sir John Lubbock
192-Llucien Levy – Brule
193- prelogical
194- cultural relativism
195- patriliny
196- matriliny
197-ecology
198- Great plains
199-habitat
200- goggle
201- horticulture
202- nomad
203-Navajo
204-Flora
205- fauna
206- cultural trait
207-Fuegian
208- diffusion
209- clan
210- explorer
211- acculturation
212- evolurtion
213-hieroglyph
214- diffrentiation
215- culture trait
216- attitude
217- cultural complex
218- culture area
219- habitat
220- American Indian
221- Man and culture

222- culture type
223- Luzon
224- cultural configuration
225- cultural pattern